# پیرۆز بێت یەکی ئایار، ڕۆژی هاوپشتی و هاوچارەنووسی نێونەتەوەیی چینی کرێکار!


# بۆپێشەوە

FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

سالّی نۆهەم ژمارە (190) بەرواری 1-5-2025

بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

مانگی دووجار، لە (١)و (١٥) هەموو مانگێکدا دەردەچێت


ئۆژین پۆتیە..
نووسینی لینین.... ل2


## وتەی ژمارە

### پێکهینانی کابینەی دەیەم لە ململانێی نێوان پارتی و یەکێتیدا!!

زیاتر لە ٦ مانگە هەڵبژاردنی!! خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان بەڕێوەچووە، کەچی هێشتا پرسی پێکهێنانی کابینەی نویَ و حکومەتی نویَ! لە ململانێی نێوان هەردوو دەسەڵاتی حزبۆکراتی و میلیشیایی پارتی یەکێتدا، بە هەڵواسراوی ماوەتەوە.

چۆن هەڵبژاردن، بە پرۆسەیەکی ململانێی حزبۆکراتی و لە گەمەی ڕێگری و بایکۆت و دواخستن و دەستێوەردانی دەرەکی و سازش و سات وسەودایەکدا بەڕێوە چوو، پرسی پێکهێنانی حکومەتیش!! بەهەمان شێوە بەڕێوەدەچێت. یان دەتوانین بڵێین چۆنیەتی پێکهێنانی حکومەت، ڕاستەوخۆ ڕەنگدانەوەی شێوازی سیناریۆی هەڵبژاردنەکەیە.

ئەگەر هەڵبژاردن و پێکهێنانی حکومەت لەهەر گۆشەیەکی دنیادا، بۆتە نۆرمێکی باوی نیزامی سەرمایەداری و جێگای شانازی ئەو نیزامەو لەوەش زیاتر خۆ بادانی هێزەکان بۆ بەشان و باڵ هەڵدانی دیموکراسی ئەوا لە هەرێمی کوردستان و دەسەڵاتە هاوشێوەکانیدا، یارییەکی قێزەون و فریوکارییەکی ئاشکرای بێ ڕتووشە.



پێکهێنانی حکومەت لە دۆخی سیاسی کوردستان و لە ژێر سایەی دەسەڵاتە دیکتاتۆرەکاندا، بەرهەم و ئاکامی هەڵبژادن نییە. هەڵبژاردنیش بە نۆرمی هیچ هەڵبژاردنێکی دنیا بەڕێوە ناچێت... لە هەموو دنیادا هەر چوار ساڵ جارێک هەڵبژاردن بە شێوەی ئاسایی و لەکاتی خۆیدا بەڕێوەدەچیت و حزبی براوە یان چەند حزبێک بەپێی ئاکامی هەڵبژاردنەکان، حکومەت پێک دەهێنن و حزب و لایەنەکانی تر دەبنە ئۆپۆزیسیۆن. لە دۆخی سیاسی کوردستاندا خودی دیاریکردنی کاتی هەڵبژاردن کێشەیە و دەبێتە مەیدانێکی ململانێ و کەیسێک بۆ دەستێوەردانی دەرەکی. هەروەها هەر کاتێک یەکێک لە هێزە دەسەڵاتی بەدەستەکانی حزب ئامادە نەبێت هەڵبژاردن ناکرێت. پێش هەڵبژاردن و دوای هەڵبژاردن حزبی خاوەن دەسەڵات براوەی پێش وەختەی زۆنی خۆیەتی و هەڵبژاردن ناتوانێت دەسەڵات لە حزبی دەسەڵات بەدەست وەربگرێتەوە. وە هیچ کام لە حزبەکان کە قەڵەمرەوی جغرافیایەکیان لە ڕێگای هێزی چەکدار و داهات و پشتیوانی دەرەکی هەیە، ناتوانن ببن بە هێزی ئۆپۆزیسیۆن و حزبی براوەی دەرەوەی حزبی دەسەڵات بەدەست ناتوانن دەسەڵات وەربگرن. لە هەلومەرجێکی لەو شێوەیەدا حکومەت و پێکهێنانی کابینەکان... بەهیچ شێوەیەک بەرهەمی هەڵبژاردن و ئاکامەکانی نین، بەڵکو بەرهەمی سازان و ڕێکەوتنی سیاسیین. حکومەت و پەرلەمان لە جێگای ئەوەی دەرهاویشتەی پرۆسیسیکی دیموکراسی باوی دنیا بن، بەرهەمی ڕێکەوتنێکی حزبی، نێوان هێزە باڵادەستە سیاسییەکانن و گویَ مستی دەسەڵاتی حزبین. بەپێچەوانەی ڕەوەندی جێکەتووی باوی دنیا، دەسەڵاتی حزبۆکراتی، حکومەت و

بۆ لاپەڕە 2

## سەردەشت عوسمان، ئەو دۆسیەیەی داناخرێت!



تیرۆری نووسەر و ڕۆنامەنووس سەردەشت عوسمان، جۆرێکە لە تیرۆر و پاڵنەرێکی هەیە، کە داخستنی مەحاڵە، تەنانەت ئەگەر بکوژان و نەخشە بۆ دارێژەرانیشی بێن و لە ئاستی کۆمەڵگەدا، خۆیان نیشان بدەن و دەستەخوێناوییەکانیان بخەنەڕوو.

بە ئاشکرا ڕفاندنی لەبەردەم زانکۆ و گواستنەوەی بەناو جەرگەی شار و بەناو تۆرێک لە بازگەو کامیرای چاودێری و بردنی بۆ شارێکی دی... پاشان تیرۆرکردنی و گولله نان بە ناودەمی، دۆسیەیەکە کە هەم پێشتر نەخشەی بۆ دانراو و هەم لەیەک کاتتدا چەندین کەس و کاراکتەر و تیایدا بەشدارن. جیا لەوانە تیرۆکردنەکە دوای چەندجار هەرەشە و لەسەر بابەتێکی ڕەخنەگرانە، کە لە بنەرەتدا ڕەخنەی چینایەتی و کۆمەڵایەتی زوربەی هەرەزۆری کۆمەڵگە لەو دەسەڵات و نوخبە

بۆ لاپەڕە 3

## یەکی ئایار و تایبەتمەندی و خواستەکانی چینی کرێکاریی کوردستان




یەکی ئایار بۆ چینی کرێکار، ڕەمزی بەرەنگاربوونەوەی چینی کریکاری جیهانییە بەدژی نیزامی هارو چاوچنۆکی سەرمایەداری جیهانی. ڕۆژی نەفرەت و ڕەتکردنەوەی چەوساندنەوە و بێمافی و هاوکات هێمای هاوپشتی وهاوچارەنووسی و ڕەتکردنەوەی ناسنامە قەومی و دینی و جیاوازی ڕەگەزییە. هێمای خستنەرووی تواناییەکانی چینی کریکارە بەرووی هەلومەجی و باو و کەمایەتیەک کە پاوانی نان و ئازادی و ژیان و

بۆ لاپەڕە 3

## لەم ژمارەیەدا ئەم بابەتانەش دەخوێننەوە:


- بە ئیسلامیزەکردنی کۆمەڵگە کاری زلهێزەکانی سەرمایەداریە.......................ل4
- هەژمارەکەی یەکێتی یان تەوتینی ئێمە؟................................................ل6
- یەکی ئایارو ئاوڕدانەوەیەك لەکرێکارانی کۆمپانیا سکیوریتیەکان....................ل6
- ڕێزلێنان لە ئەنجلز (١٨٢٠-١٨٩٥).........................................................ل7
- ڕومالّێك لە بارودۆخی زیندانیانی سیاسی کوردستان..................................ل9




**دۆسیەی ژمارە "ئاڵوگۆڕەکانی نویَ دنیاو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لێکەوتەکانی لەسەر عێراق و کوردستان ..."**

هاوڕیَ خەسرەو سایە وەڵامی پرسیارەکانی داوەتەوە...

ل10-11


پرسی ڕۆژ ل5

گۆشەی ئەدەب و هونەر ل8

## درێژەی وتەی ژمارە

پەرلەمان دەکەنە دوو ئامرازی لاوەکی و دیکۆر، بۆ شاردنەوەی دەسەڵاتی حزبی.

لەهەموو جێگایەکی ئەم دنیاییە کە کەمترین پابەندبوون بە دیموکراسی بۆرژوازی و کایەکانی هەڵبژادن و حکومەتداری هەبێت، حکومەت و پەرلەمان بۆ دوبارە ئارایشدانەوە و ئابدەیت کردنەوەی دەسەڵاتی بۆرژوازی و هێزەکانیەتی. ئاڵوگۆر لە رێگای هەڵبژاردنەکانەوە لە جێگاو رێگەو پیگەی حزبەکاندا روودەدات. حزبی دەسەڵات دەبێتە ئۆپۆزیسیۆن و هێزی ئۆپۆزیسیۆن یان حزبی تازە دەتوانن بگەنە دەسەڵات. حکومەت و پەرلەمان هەم لەلایەن حزبە سیاسیەکان و هەم لە دیدی هاولاتیاندا، تا رادەیەکی زۆر ریز لێ گیراون و جێگایەکی یاسایان هەیە و بەو پێودانگەش لە ئاستی کۆمەلگەی نێو دەولەتیدا مامەلەیان لەگەڵ دەکرێت. هەموو ئەمانە لەدۆخی کوردستاندا پێچەوانەن و حزبە دەسەلات بەدەستەکان حکومەت و پەرلەمان وەکو خزمەتکاری حزب و بۆ رەوایەتی دان بەدەسەڵاتیان بەسەر هاولاتیان و قەڵەمرەوی سیاسیان پیرۆز دەکەن.

گێرمە کیشەی دوای هەڵبژاردنەکان بۆ پێکهێنانی حکومەت!! لە دۆخی سیاسی هەرێمدا، درێژکراوەی گێرمە کیشەی پیش هەڵبژاردنەکان و جۆر و شێوازی هەڵبژاردنەکانە.

ئێستا دوای زیاتر لە ٦ مانگ لە بەرێوەچوونی هەڵبژاردنەکان، پرسی پیکهێنانی حکومەت!! و کابینەی نوێ، هێندە پەیوەندی بە ئاکامی هەڵبژاردنەکانەوە نییە، هێندەی پەیوەندی بە قەڵەمرەوی دەسەڵاتی پێش هەڵبژاردنەکانەوە هەیە.

پارتی و یەکێتی، وەکو دوو هێز کە لەساڵی ١٩٩١ وە خۆیان بە سیاسەت و نەخشەی ئەمریکاوە گرێداو بەدەسەلات گەیشتوون، ئەو ئاڵوگۆرەی لە جیگاو رێگایاندا روویداوە، دوور ونزیک پەیوەندی بە هەڵبژاردنەکانەوە نییەو لەدەرەوەی کایەی هەڵبژاردنەکاندا، ئاڵوگۆر پێکهاتووە. برگەی ٣١ ئابی ١٩٩٦ برگەی لە گریژنەچوونی هاوسەنگی نێوان پارتی و یەکێتی بوو بە سودی پارتی و لەو کاتەوە تا ئێستا، ئەو باڵادەستیەی پارتی زاڵە.

نەک هەر پێکهاتنی حکومەت!!، بەڵکو سەرجەم پرۆسەی هەڵبژاردن و هەڵبژاردنەکانیش، مۆری ئەو باڵادەستیەی پارتی پێوەیە.

پارتی و یەکێتی کە بەبێ یەکتری ناتوانن هیچ هەڵبژادنێک بکەن، بەبێ یەکتریش ناتوانن هیچ جۆرە حکومەت!! پێک بهێنن، بۆیە ناچارن لە بازنەی" سازان" ی حزبیدا... لەسەر پۆست و داهات و رێک بکەون، بێ ئەوەی قەڵەمرەوی سیاسیان، گۆڕانی بەسەردا بێت.

کێشەی دواکەوتنی پێکهاتنی حکومەت!! و کابینەی نوێ! لە بنەرەتدا پەیوەندی بە پۆست و داهاتەوە هەیە، نەک هیچی تر. پارتی وەکو هێزی باڵادەستی حزبی مامەڵەی یەکێتی دەکات. ئەگەر یەکێتی نیشتیمانی کەمترین کورسیش لە هەڵبژاردندا بهێنێت، و هێزی تر لە زۆنی سەوزدا دوو بەرابەری یەکێتی دەنگ بهێنن، دوبارە یەکێتی نیشتیمانی هێزی سەرەکی ئەو زۆنەیەو حزبی تر لەو زۆنە چەندیش کورسیان هەبێت، ملکەچی یەکێتین و هەژموونی سیاسی یەکێتی زاڵ و بڕیار بەدەستی ئەو زۆنەیە... پارتی لە پێکهینانی حکومەتدا ئەو پێگە سیاسیەی یەکێتی رەچاو دەکات و یەکێتیش لەو پێگە سیاسیەوە داوای پۆست و داهات دەکات. لەگەڵ ئەوانەشدا، پارتی نایەوێت تا ئەو ئاستە مل بدات، کە یەکێتی وەکو هێزێکی بێ رکەبەر بەوێنەی پێشوو لە زۆنی سەوزدا بەرەسمی بناسێت، بۆیە لەلایەکەوە پەنا بۆ ئاکامی هەڵبژاردنەکان دەبات و لەلایەکی تریشەوە لەسەر ئاستی هەرێمدا بەراوردی هێزەکەی لە ئاستی قەڵەمرەوی سیاسی و بریاری سیاسیدا، بە پیگەی خۆی دەکات. یەکێتی نیشتیمانی دەیەوێت بە وێنەی هێزێکی هاوتای پارتی مامەڵەی لەگەڵ بکرێت یان لانی کەم هاوسەنگیەکە هێندە لار نەبێت، کە لە ئاستی حکومەتدارییدا!! بەتایبەت لە ئاستی فەرمیدا لەگەڵ عێراق و کۆمەڵگەی نێودەولەتیدا، پەراوێز بخرێت.

یەکێتی دەمێکە بەکردەوە ئەوەی قبوڵ کردووە کە لە هەرێمی کوردستاندا هاوسەنگی هێزی لەبەرامبەر پارتیدا لار بۆتەوە، بەڵام نایەوێت لە ئاستی فەرمی و نێودەولەتیدا ئەو پێگە لار بووەوەیە، یان ئەم داکشانی پێگەیە، قبوڵ بکات و مل بدات بەو واقعیەتە. یەکێتی بە وێنەی هێزی یەکەمی زۆنێک و دەسەڵاتێک و پشت بەستن بە مێژوویەک و ئاماری قوربانیانی لە بزوتنەوەی ناسیونالیستی کوردا، دەیەوێت مامەڵەی لەگەڵ بکرێت و لە پێکهێنانی حکومەتیشدا، ئەوەی بۆ لەبەرچاو بگیرێت. ئەوە کارتێکە لە دوای ساڵی ١٩٩٦ وە، یەکێتی بەدەستیەوە گرتووە و پارتیش تا رادەیەک قبوڵی کردووە. کێشەی سەرەکی و بناغەیی لە پێکهێنانی هەموو کابینەی حکومەتدا ریشەی لەو واقعیەتەدایە.

سەرئەنجامیش پێکهێنانی حکومەت!! چەندەش کارتۆنی دیکۆر بێت، بەبێ یەکێتی نابێت و پارتی ناچارە مل بە بەشێک لە داخوازییەکانی بدات و سازش بکات، چونکە پێکهێنانی حکومەت، هێندەی دەستکەوتە بۆ پارتی و قایم کردنی جێگەو رێگەی خۆی لەسەر ئاستی فەرمی و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، هێندە بۆ یەکێتی مانا و بەهای نییە.

# ئۆژین پۆتیە..

## نووسینی لینین....

ئۆژین پۆتیە نووسەری سرودی" ئەنتەرناسیونال" لە مانگی تشرینی دووەمی ١٨٨٧ دا، بەیەکجاری ماڵئاوایی لەژیان کردووە، بەڵام سروودەکەی لەسەرەتای سەدەی بیستدا وەکو شاکارێکی زیندوو وەرگێردرا بۆسەرجەم زمانە ئەورووپییەکان و چەندین زمانی دیکەی غەیری ئەوروپایش.هەر کرێکارێکی هوشیار، چارەنووس بۆ هەرکوێی غلۆرکردبێتەوە و هەستی بە ئاوارەیی و نامۆیی زمان کردبێ و بێ خزم و بێ ئاشناو دووری ولات و وێڵی هەندەران بووبێت، ئەو کرێکارە هەمیشە لە رێی ئاوازی" ئەنتەرناسیونال" هەڤاڵ و هاورێی پەیدا کردووە. کرێکارانی سەرجەم ولاتانی دونیا سرودی ئەو خەباتگێرە پێشکەوتنخوازەیان قۆستۆتەوە و کردویانەتە سرودێکی کرێکاریی جیهانی. کرێکارانی ولاتانی جۆراوجۆر رێز لە "ئۆژی پۆتیە" دەنێن، هەرچەندە هاوسەرو کچەکەی دوای مردنی پۆتیەش هەر بەنەداری ژیانیان بەسەر بردووە.

پۆتی ٤ دیسەمبەری ١٨١٦ لەپاریسی پایتەختی فەرەنسا چاوی بەدونیا هەڵهێناوە، لە تەمەنی چواردە ساڵیدا یەکەم هۆنراوەی بە ناوی"بژی ئازادی" نووسیووە. لەساڵی ١٨٤٨ دا لەجەنگی مەزنی دژی بۆرژوازیدا، سەنگەری گرتوەو هاتۆتە مەیدانی خەبات.

پۆتی لە خانەوادەیەکی هەژاردا چاوی بەدنیا هەڵێناوەو هەموو تەمەنی بە هەژاری و کرێکاریی بەسەربردووە، لەسەرەتادا بەسندوق داگرتن و پاشان بە نیگارکێشان لەسەر قوماش ژیانی خۆی دابینکردووە.

لەساڵی ١٨٤٠ بەدواوە دەستی لەکارە گەورەکانی ژیانی فەرەنسا وەرداوەو خەڵکە دواکەوتوەکەی بەهۆی گۆرانی و سرودی بەرگری هوشیار دەکردەوەو داوای یەکگرتنی لە کرێکاران دەکرد، بەو کارەشی بۆرژوازی و حکومەتی بۆرژوازی فەرەنسای ریسوا کردووە. لەچەرخی کۆمۆنە مەزنەکەی پاریسی ساڵی ١٨٧١دا بەئەندام هەڵبژێردراو ٣٣٥٢ دەنگی لەکۆی ٣٦٠٠ دەنگ بەدەستهێناوەو دواتر لەهەموو کارەکانی کۆمۆنە کە یەکەم حکومەتی پرۆلیتاریی بووە بەشداری کردووە.

دوای روخانی کۆمۆنە بەناچاری رایکردوە بۆ بەریتانیا و ئەمریکا و لە حوزەیرانی ساڵی ١٨٧١دا، واتە لە رۆژی پاش روخانی کۆمۆنەدا، سروودە هەرە بەناوبانگەکەی" ئەنەرناسیونال" ی نووسیووە. کە ئەمەش دەکاتە رۆژی دوای کارەساتە خوێناوییەکەی ئایاری ئەو ساڵە. راستە کۆمۆنە سەرکوت کرا، بەڵام سرودەکەی پۆتی "ئەنتەرناسیونال" بیرۆکەکانی گەیاندە ئەوپەری دنیا و تائیستاش جمەی دێ.

پۆتی لەساڵی ١٨٧٦ و لەکاتی ئاوارەییدا هۆنراوەی" لە کرێکارانی ئەمریکاوە بۆ کرێکارانی فەرەنسا"ی هۆنیەوەو ژیانی ژیر سایەی سەرمایەداری تیدا وێنەکێشاو باسی نەداری و کارکردنی سەخت و چەوساندنەوەو باسی باوەرێ پتەویان بەسەرکەوتنی کێشەکەیان دەکات. پۆتی تا دوای ٩ ساڵ بەسەر دارمانی کۆمۆنەی پاریسدا نەگەرایەوە بۆ فەرەنساو کە گەڕایشەوە یەکسەر چووە ریزی" پارتی کرێکاران" و لەساڵی ١٨٨٤یش یەکەم دیوانی خۆی بڵاوکردەوەو لەساڵی ١٨٨٧ دیوانی دووەمی بەناوی" گۆرانیەکانی شۆرش" گەیاندە بەردەم دیدی خوێنەرانی. بەڵام سەرجەم گۆرانیەکانی تری تا دوای مردنی خۆی بڵاونەکرانەوە.

سەرجەم کرێکارانی پاریس لە رۆژی ٨ نۆڤەمبەری ١٨٨٧ تەرمی ئۆژین پۆتینیان لە ئارامگەی "پیرلاشیز" بەخاک سپارد، ئەو گۆرستانەی کە شۆرشگێرە لەسێدارەدراوەکانی کۆمۆنەی تیا نێژراون.

پۆلیس لەکاتی پێ رەویدا بۆ گۆرستان ئاڵای سوریان پچر پچر دەکرد، جەماوەرێکی زۆر لە ناشتنی کەسێکی سڤیلدا ئاپۆرەیان بەستبوو لەهەموو لایەکەوە "بژی پۆتییە" دەنگی دەدایەوە.

پۆتی بەهەژاری سەری نایەوە، بەڵام خودی خۆی بۆتە هێمایەکی نەمر. پۆتی یەکێک بووە لە گەورەترین هاندەران بۆ ئەم کارەیشی سودی لە سرودو گۆرانی بینیووە. کاتێ کە پۆتی یەکەم سرودی نووسیووە، کرێکارە سۆشیالیستەکان بە پەنجەی دەست دەژمێردران، کەچی ئیستاکە دەیان ملیۆن پرۆلیتیر سروودە مێژوویەکەی ئۆژین پۆتییە، دەچرن.

**سەرچاوە: فی الادب و الفن ... لینین**

وەرگێرانی رێبین

**پارتی و یەکێتی بەبێ یەکتری ناتوانن هیچ هەڵبژادنێك بکەن، بەبێ یەکتریش ناتوانن هیچ جۆرە حکومەت!! پێك بهێنن، بۆیە ناچارن لە بازنەی" سازان" ی حزبیدا... لەسەر پۆست و داهات و رێك بکەون، بێ ئەوەی قەڵەمرەوی سیاسیان، گۆڕانی بەرجەستەی بەسەردا بێت...**

بۆپێشەوە
FORWARD
بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

## درێژەی: سەردەشت عوسمان، ئەو دۆسیەیەی داناخرێت!

سیاسی و بنەماڵەیەیە دەستی ناوەتە بینەقاقای کۆمەڵگە. نوخبەیەک کە لە سەدان رێگاوە جەنگی حاشاهەڵنەگر لە هەموو زەمینە سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و کەلتوری لەدژی کۆمەڵگە دەکات. دزینی هەرچی سامانی سەرزەوی و ژێر زەوی، سەرجەم داهاتەکان و دەسترەنجی چینی کریکار و خەڵکی بێبەش لە پایەترین ئاستەوە بۆ سەبەتە خۆراکی خێزانیک. پاوانکردنی دەسەڵات و ئامادەکردنی دەیان تورِی سەرکوت و فریودان و ترساندن و ناوزراندن و شانۆ سازکردن بۆ نەیاران و سەرکوتی سیاسی بێ پەردە و ریگەگرتن لە هەر نارەزایەتی و جوڵانەوەیەکی شۆرشگێرانە و پێشکەوتنخوازنە کە دەسەڵات بکاتە نیشانە، تا دەگاتە چوونە جەنگی هەموو دیاردە و نەریت و یاساو رێسایەکی مۆدێرن و ئینسانی، هەموو کەلتور و روانینێکی سکیولار و ئازادانە. لەبەرامبەردا دەستگرتن بە پرتوکاوترین نەریت و لاکەوتەترین عورف وعاداتی کۆن و بەسەرچوو، بەرگریکردن لە کۆنەپەرستانەترین ئیدەو ئەخلاقیات و فەرهەنگی دارزیووی سەر لێوای قەبر. بەرگری لە نائینسانیترین و نابەرابەریترین یاسا و داسەپاندی یاسای خێڵەکی و عەشایەری و چوونە بەرامبەرکێی هەموو ئازادی و ئازادیخوازی و پیشکەوتنخوازیەکەوە بە پاساوی پوچی مقەدەساتی قەومی و دینی و نیشتیمانی و نەتەوەیی و دینی و مەزهەبی. گرتنەبەری و هەموو رێ و شوێنێک بۆ مانەوەی بەزۆری دەسەڵات بەپیرۆزهێشتنەوەی پێگەی بنەماڵە و قائید و رابەر و داهێنان لە نۆکەر پیشەیی... لەوانە زیاتر برسیکردنی خەڵک و دزینی ئەو موچە کەمەی زوربەی هەرەزۆری چینی کریکار و فەرمانبەران، لە بەرامبەر بە کاری سەخت و مانووبوونی زۆردا هەیانە، گۆشە بەگۆشەی تاوانکارییەکانی دەسەڵاتی بۆرژوازی کوردە. رەخنە لەو واقعیەتە داسەپاوە، کە ناوەرۆکی رەخنەی سەردەشت عوسمان بوو، ئەو رەخنە قوڵە لە سیستەمی نابەرابەر و لە بنەماڵەی تاسەر مۆخ دژی ژن، سەردەشت راپێچی مەرگێکی پڕ تراژیدی دەکات، دەیکاتە تراژیدیایەکی لە بیرنەکراوی کۆمەڵگە.

ئێستا دوای ١٥ ساڵ بەسەر تیرۆری سەردەشتدا، نەک ئەم کەیسە بەزیندووی ماوەتەوە و بەڵگەنامەی ریسوایی دەسەڵات و بنەماڵەیە، بەڵکو سەرجەم دۆسیەکانی تری لە تیرۆری سیاسی و نەیارانی سیاسییەوە بۆ دۆسیەی رۆژنامەنووسان و ئازادیخوازانی... زیندو راگرتووە.

پارتی وەکو رەمزی دەسەڵاتێکی سەرکوتگەر و تالانچی و نۆکەر پیشەی ناو خیزانی بۆرژوازی کورد، نەک لەسەر سیاسەتی ترساندن و تۆقاندن و بەرگری لە کۆنەپەرستی و یاسای دژە ئینسانی و دژە ژن بەردەوامە، بەڵکو ئەم بۆتە ناسنامەی مانەوەی و درێژە دان بەدەسەڵاتی نەنگینی.

ناوی سەردەشت عوسمان، وەکو رەمزی رەخنەیەکی قوڵ لە دەسەڵاتی پارێزەری چینە داراکانی کوردستان و فەرهەنگ و کەلتوری کۆنەپەرستانەی بنەماڵە، بەشێکە لە رەخنەی هەمەلایەنتری چینی کرێکار و بەشی پیشرەوی ئەو چینە، لە نیزامی سەرەوخواری بۆرژوازی و باڵ و بەشەکانی کە پارتی پارچەیەکی کۆن و سواوی ئەم نیزامەیە... سەردەشت و کەیسی سەردەشت چ بە جۆری تیرۆرەکەی و چ بە پاڵنەر و هۆکاری تیرۆرکردنەکە، هەرگیز داناخرێت و بە زیندووی دەمێنێتەوە.

******************

## درێژەی: یەکی ئایار و تایبەتمەندی و خواستەکانی چینی کرێکاریی کوردستان

گوزەرانی چینی کرێکارییان کردووەو بۆ پاراستنی ئەم پێگەو هەڵاواردنە چینایەتیەش... جەنگ و میلیتاریزم و کۆنەپەرستی و فاشیزم و راسیزم و بێمافی و سەرکوتی بەردەوام و وەستانەوە بەرووی کاری ڕیکخراودا، تایبەتمەندی ئەم نیزامەیە.

بۆرژوازی لە بەرگی عەسکەرتاریەت و حکومەتی پۆلیسی و دیکتاتۆریدا بێت، یان ئیسلامی و قەومی و لیبرالیزم و لیبرالیزمی نوێ و دیموکراسی خاوەنی تایبەتمەندییەکی هاوبەشە، کە کەڵەکەی سەرمایەیە لەسەر دزینی دەسترەنج و ماندووبونی چینی کرێکار... بۆ چینی کرێکاریش بە هەمان شێوە لە هەر جێگاو گۆشەیەکی دنیا بێت، وەستانەوە بەرووی ئەم دزی و چاوچنۆکییەی سەرمایەدا، تایبەتمەندی و خاڵی هاوبەشی چینی کریکارە.

بەجیا لەو تایبەتمەندییە گشتیانە بۆ چینی کریکاریی جیهانی، هاوکات چینی کریکاری هەر وڵات و دەوڵەتێک لەگەڵ تایبەتمەندیەکانی ئەو نیزامەش رووبەڕوەو بەجیا لەخواستە هاوبەشەکان، خواستی تایبەت بەخۆیشی هەیە، کە رەنگدانەوەی هەلومەرجی هەرکام لەو ولات و دەوڵەتانەیە.

چینی کرێکاریی کوردستان، بەجیا لە داخوازییە گشتی و هاوبەشەکانی لەگەڵ هاوچارەنووسەکانی لە ئاستی نێونەتەوەییدا، خواستی تایبەتی خۆی هەیە. چینی کرێکاریی کوردستان لەگەڵ دەسەڵاتێکی تایبەتی بەرەو ڕووە، دەسەڵاتێک کە هێشتا کار بەیاساکانی رژێمی بەعس دەکات یانیش سەرچاوەی یاساکانی لە یاسای بەعس وەرگیراوە... چینی کریکاری کوردستان لە هەرێمێکدایە کە دابەشی دوو زۆن، کراوە... کار دەستکەوتن هیشتا پێویستی بە پسوڵە و پشتیوانی حزبە. ئازادی رێکخراوبوون بە کۆمەڵێک رێگری و ترساندن لە قالب دراوە و ڕێی لێگیراوە... هەر نارەزایەتی و مانگرتنێکی کرێکاری رووبەرووی سەختی و جیا لەوانەش مەترسی سەر کار دەرکردنی بەدواوەیە. ئەمنیەتی کار لاواز و شوێنی کار ناسالمە. باسێک لە بیمەی بێکاری و تەندروستی نییە، بەشێکی بەرین لە چینی کرێکار گرێبەستی هەمیشەییان نییە و هەمیشە لەبەردەم حەربەی بێکارکردندان. جیاوازی کاری ژنان و پیاوان، راستیەکی حاشاهەڵنەگرە. موچەی بەشێک لە ئوردوی چینی کرێکار دوادەخرێت و نادرێت. موچە بە شێوەی گشتی نزم و لە ئاست وەڵامدانەوە بە خواستە زۆر سەرەتاییەکانی چینی کریکاردا نییە، کرێکارانی هاتوو هەم رووبەرووی هەڵاواردن و هەم موچەیان کەمتر و هاوکاتیش وەکو سەرچاوەی بێکاری بۆ کرێکارانی کوردستان لێیان دەروانرێت. هەموو ئەوانە دۆخی چینی کرێکارییان لەگەڵ سەختیەکی یەکجار زۆر رووبەڕووکردۆتەوە. ئەم واقعیەتە تاڵەش لەهەر ئایارێکدا چینی کرێکاریی روبەرووی داخوازی و ویستی تایبەتی کردۆتەوە. چینی کریکار لە کوردستان لەم هەلومەرجەدا هەم ناچارە رووبەرووی دەسەڵاتی سیاسی ببێتەوە کەبەهۆی ناسنامەی حزبی و سیاسی درز دەخاتە ریزی کرێکارانەوە. هەم دەبێ رووبەرووی دەسەڵاتی حزبۆکراتی و چەکداریی ببێتەوە لە جێگای حکومەتێکی سەراسەری و دامەزراودا... کە ئەمانە لەزوربەی زۆری دنیادا ئاسەوارێکیان نەماوە. جیا لەوانە چینی کریکار لە کوردستان بەهۆی بێبەشی لە ڕیکخراوەی سەربەخۆی خۆی و یاساکارێکی پێشرەو، ناچارە، خواستی ئازادی ڕیکخراوبوون و یاسا کارێکی پیشرەو بکاتە داخوازی دەستبەجێ و لەگەڵ خواستی ئەمنیەتی شوێنی کار و زیادکردنی موچە و بەهەمیشەیی کردنی گرێبەستەکان و بیمەی بێکاری بۆ کەسانی ئامادەبەکار لێک هەڵبپێکێ...

بژی یەکی ئایار... رۆژی هاوپشتی نێونەتەوەی چینی کرێکار و رۆژی هێنانە مەیدانی داخوازییە سەرەکیەکان و بریاری داسەپاندنی بەسەر بۆرژوازی و کۆمپانیاکاندا.

**تائەوکاتەی ماوین دەبێ قسەبکەین، ئەوکاتەی کە تەمەنیشم کۆتایی دێت، باهاوڕێکانم خاڵێکم بۆ دابنێن و سەرلەنوێ بەدێڕێکی تر دەست پێبکەنەوە..سەردەشت عوسمان**

# بە ئیسلامیزەکردنی کۆمەڵگە کاری زلهێزەکانی سەرمایەداریە؟!

## نووسینی: سەردار عەبدوڵا حەمە



قەیرانەکانی سەرمایەداری جیهانی ڕۆژ لەدوای ڕۆژی قوڵتر دەبنەوە. نیولیبرالیزم شکستی هێناوە کەجیهان وا لیَ بکات لەگەڵ قەیرانەکاندا هەڵ بکات. بۆیە ڕێگایەکی تر دەکریَ چاکتر بێت بۆی ئەویش پەرەدان بە ئایین بەگشتی و لە نێو ئایینەکانیشدا ئیسلام لە هەموویان کارساز ترە. کاتیَ قەیرانی ئابوری ڕوودەدات قازانج و سەرمایە بۆ سەرمایەداران کەم دەکات، پێویسە تێچووی هێزی کار کەم بکرێتەوە و هاوکات دەبیَ تێچووی کەرەسەی خاو کەم بکرێتەوە، دەبیَ بازاڕی تازە بدۆزرێتەوە بۆ سەرف کردنی کاڵاکان. سەرمایەداری بێجگە لە پەنابردن بۆ زیرەکی دەستکرد وڕۆبۆتەکان پێویستە ڕێگایەک پەیدا بکات بۆ ئەوەی هێزی کاری هەرزانی دەست بکەویَ و بۆ ئەوەی کەرەسەی خاوی بە کەمترین تێچوو دەست بکەویَ و بۆ ئەوەی بازاڕی دەست بکەویَ ئەوەش لە ڕێگای ڕازی کردنی مرۆڤەوەیە بۆ ئەوەی مل بدات بەم پێداویستیانە، ئەویش پەنا بردنە بۆ خورافاتە دینیەکان. چونکە لەدینەکاندا خەڵک دەترسێندریَ بەوەی کە هەر جۆرە نارەزاتیەکیان هەبیَ بەرانبەر بەم سیستەمە دەسووتێنریَ بە ئاگری دۆزەخ، ئەم ترسە زۆر گرنگە بۆ سەرمایەداری و قەیرانەکانی و دەبیَ ئەم سیستەمە چی بخوازێت خەڵک جیَ بەجیَ ی بکات. دین بەخەڵک دەڵیَ هەرچی هەیە ئێستا کاری خودایە وخودا ڕازی لەسەرە، لەکاتێکدا ئەوەی هەیە سیستەمێکی چاوچنۆکی چینایەتی هێناویەتی بۆ کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی نەک خودا. شەڕو کوشتار سەرمایەداری دروستی کردووە نەک خودا، ئەگەر هەژاری و برسیەتی و گرانی وبێکاری و ئاوارەیی هەیە هۆکارەکەی سیستەمی ئابوری چینایەتیە، نەک خودا ئەگەر لافاو بوومەلەرزەو کارەساتی گەورە دەخوڵقێنیَ قەزاو قەدەری خودایی نییە، سەرمایەداری دەتوانیَ بەر بەم کارەساتەنە بگریَ ئەگەر سەرمایەکەی بەکار بێنیَ بۆ بەرگری لەو کارەساتانە. ئەم جەنگ و کوشتارانە، زلهێزەکان بەرپای دەکەن بۆ ئەوەی خەڵک ئاوارەی وڵاتانی دەرەوە بن و ناچار بن بەکریَ ی هەرزان کاریان بۆ بکەن، یا لە لایەکی ترەوە بۆئەوەی زلهێزەکان خۆیان بگەیەننە ناو وڵاتانی جەنگ و وەک فریادڕەس خۆیان پیشان بدەن بۆ دەست بەسەرا گرتنی بازارو کەرەسەی خاوی ئەو وڵاتانە. بۆ ئەم مەبەستەش ئەمان پێویستیان بەوەیە خەڵک هۆشیار نەبیَ و یەکگرتوو نەبیَ تا کاری خۆیان بە ئەنجام بگەیەنن. باشترین کارێک کەدەبیَ بیکەن پێکهێنانی تاقم و گروپ و حیزبی سیاسی ئیخوانی وسەلەفیە تاخەڵک بیَ ئاگا بکەن و بە خەڵک بڵێن هەرچی هەیە کاری خودایە و خودا لەدنیای دوای مردن پاداشتان ئەداتەوە بەڵام ئەمڕۆ هەژاری وگرانی و برسیەتی ئاوارەی بچێژن ئەوە تاقیکردنەوەی خودایە. ئەگەر ئەمە قبوڵ بکەن ئەوا ئێوەی خواناس و تۆبەکار دەچنە بەهەشت وئەگەریش قبوڵی نەکەن دەچنە دۆزەخ. بەم شێوەیە کۆمەڵگەکان ئیسلامیزە دەکریَ بە ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ. ترامپ ئێستا دەیەویَ لە وڵاتەکەی خۆی پەرە بەدینەکەی خۆی بدات و لەڕۆژهەڵاتی ناوەراست پەرە بە جوو وئیسلامیش بدات وەک خۆی زۆرجار ئەوەی وتوە دەبیَ بەر بەخەتەری کۆمۆنیزم بگرین. هەروەکو پێشتر زۆر لەسەرکردەکانی سی ئای ئێن دانیان بەڕاستیانەدا ناوە کەدەستیان هەبووە لە دروستکردنی ڕێکخراوە تیرۆریستە ئیسلامیەکان، ئەم دەستە تا ئێستایش هەر درێژەی هەیە تەنها شێوەی کارکردنی دەگۆڕیَ بۆ نموونە کاتیَ ماهیەتی ڕێکخراوە تیرۆریستیەکان بۆ خەڵک دەردەکەویَ کەچەندە قێزەون و دژی مرۆڤایەتین ئیتر لەدژی ئەمانە دەوستێتەوە لە ڕێگای قەتەرو سعودیە و وڵاتانی خەلیجەوە کاردەکەن بۆ بەهێزکردنی ئیسلامی سیاسی بیَ چەک وەک سەلەفی و ئیخوانیەکان. زلهیزەکانی سەرمایەداری ڕۆژئاوا زیاتر لە ٣٠ ساڵە ئەم پرۆسەی ئیسلامیزەکردنەی کۆمەڵگەکانیان دەست پێکردووە وتائێستایش بەردەوامن. هەروەک (خواجە یوسف) وەزیری بەرگری پاکستان لەم ڕۆژانەدا دانی بەوەدا نا کە لەسەر خواستی وڵاتانی ڕۆژئاوا سیَ دەیەیە هاوکاری و کۆمەکی گروپە تیرۆریستەکان دەکەن. هەر لە وڵاتانی ڕۆژئاوادا زۆر گرنگی بە ئایین دەدریَ بە تایبەت ئیسلام، چونکە وەک وتم ئیسلام گونجاوترین ئایینە بۆ قەیرانەکانی سەرمایەداری لەشکرێک لە کاری هەرزانی لیَ دەست دەکەویَ و خەڵکیش هان دەدات کە ئەم سیستەمە قبوڵ بکەن و هەقی هیچ نارەزایەتی و ڕاپەرین وشۆڕشێکیان نەبیَ وەک ئەوەی کۆمۆنیزم و ئانارشیزم دەیەویَ، واتە بە بەردێک دوو چۆلەکە دەپێکێت:

یەکەم تێچووی هێزی کار کەم دەکاتەوە و دووەم ڕازی بوون بەم بارودۆخە سەختەی ئێستا مسۆگەر دەکات. لە تەواوی جیهاندا ئەم دوو ئامانجە بۆ سەرمایەداری زۆر گرنگە لە پاڵیشدا بردنی کەرەستەی خاوی وڵاتان وەک نەوت و غازو و کانزاکان و وە پەیدا کردنی بازار بۆ کاڵاکانیان ئەمانە فاکتۆرن بۆ ئەوەی وڵاتانی سەرمایەداری زلهێز هاوکارو یارمەتیدەر بن بۆ ئیسلامیزەکردنی وڵاتان و لە نێویشیاندا کوردستان. زۆر جار ئەو ڕەخنەیە لە خەلکی کوردستان دەگیریَ لەو بارەوە کە خەڵکی کوردستان خۆی ئیسلامیزە کردووە. لە ڕاستیدا ئەوە خەڵکی کوردستان نییە بەتەنها تووشی ئەم بەڵایە بووە، ئەوە وڵاتانی عەرەبی و زۆربەی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست و ڕۆژهەڵاتی ودوورو ئەفەریقاشە. تەنانەت وڵاتانی ئەوروپاو ئەمەریکاو کەنەداشە هۆکاری ئەمەش هەر ئەوەیە کە پێشتر باسم کرد کە ئیسلامیزە کردن پێداویستیەکی گرنگی سیستەمی سەرمایەداریە، چونکە لەم ڕێگایەوە قازانج و کەڵەکەی سەرمایە مسۆگەر دەکات، لەوماوەی پێشوودا میدیاکان بڵاویان کردەوە سەرەڕای قەیران و گرانی و بێکاری و هەژاربوونی زۆر زیاتر بوونی خەڵکی لە جیهاندا سەرمایەی ملیاردێرەکان گەیشتە ٦٢٥ ملیار و بە ڕێژەی لە ٢٠٪ زیادی کردووە. ئەوەی یەکیَ لە هۆکاری سەرەکی ئەم بارودۆخەی ئێستای بورژوازی دونیایە لە ڕێگای زلهێزەکان خۆیانەوە چ لە ڕێگای دەسەڵاتە مەحەلیەکانەوە گرنگی دانە بەدەستەوتاقمە دینیە جیاوازەکان و بەتایبەتیش ئیسلامیەکان. پارەو ئیمکانیات و مزگەوت و زانکۆ و قوتابخانە و سەنتەریان بۆ دەکەنەوە تا خەڵک زیاتر جۆش بدەن بە لای ئەم دەستە وتاقمە ئیخوانی و سەلەفیانەدا. وە مرۆڤ وا لیَ بکەن بیر لە گۆڕانکاری ڕیشەیی و نارەزایەتی وشۆڕش وڕاپەڕین نەکاتەوە. بەڵگەش بۆ ڕاستی ئەمە ئەوەیە کە ئێستا زۆرترین کەس لە ژنان بوونەتە حیجاب و بوونەتە ئیسلامی و زۆربەی پیاوان و گەنجان منداڵانیش ڕوو لە مزگەوت دەکەن، بەڵام لەوڵاشەوە خراپترین بارودۆخی ئابورری و کۆمەڵایەتی لەلایەن دەسەڵاتەکانەوە سەپێنراوە، خەڵکیش بیَ دەنگە و تەنها دوعا ئەکریَ بۆ چاک بوون و گۆڕان لە جیاتی نارەزایەتی وڕاپەڕین و شۆڕش، ئیسلامیەکان دەڵێن لە ٩٨٪ ی خەڵک موسڵمانە باشە ئەگەر وایە دین بۆ مرۆڤایەتی یە بۆ ناتوانیَ بەو ڕێژەو گەورەوە گۆڕانکاری بکات بە پێچەوانەوە بارودۆخ و ژیانی خەڵک لە وڵاتانی ئیسلامی زۆر خراپترە و خەڵک هەژارترەو بیَ خزمەتگوزاریە و ئازادی بوونی نییە بۆیە قسەی ئیسلامیەکان پووچەو لە قازانج وبەرژوەندی سیستەمی سەرمایەدارییە. ئەگەر نیوەی ئەو ڕێژەیەش خەڵک کۆمۆنیست و هۆشیار بوایە بەدڵنیاوە گۆڕانکاری زۆر گەورە ڕووی دەداو خەڵک لەم بارودۆخەی ئێستایدا نەدەژیا.

# لە بۆپێشەوەوە

* بابەتەکانی بۆپێشەوە، جگە لە"گۆشەو تەوەرەی تایبەت" بەگشتی تەعبیر لەخەتی سیاسی و فکری و دونیابینی کۆمۆنیزمی مارکس و کۆمۆنیزمی کرێکاریی دەکات.

* بۆ پێشەوە، هیچ بابەتێک بڵاوناکاتەوە، کە پێشتر لەشوێن و کەناڵی بینراو وبیستراو و نووسراودا... بڵاوبوبێتەوە.

* بابەتی بڵاوبووەوە لە بۆپێشەوەدا، ئەوکاتە لەلایەن خاوەنەکەیەوە مافی بڵاوکردنەوەی هەیە، کە لە بۆپێشەوە بڵاوبوبێتەوە. راسپاردەی بۆپێشەوەیە، کە خاوەنی بابەتەکە ئاماژە بەناو و ئەو ژمارەی بۆپێشەوە بدات، کە بابەتەکەی تیادا بڵاوبۆتەوە.

* درەنگ ناردنی بابەتەکان، لەکاتی راگەیەندراوی خۆیدا، شانسی بڵاوبونەوە لەدەست دەدات.

* ئەولەویەت بۆ بابەتی کورتە.

* هیچ بابەتێک بە زمانەکانی عەرەبی، فارسی، ئینگلزی... وەرناگرێت و خاوەنی بابەتەکان بەرپرسن لە وەرگێرانیان بۆ زمانی کوردی...

* بۆپێشەوە بەرپرس نییە لە هەڵەی ئیملایی و ڕێنووسی ئەو بابەتانەی بۆی دێت... هەڵەبڕی ئەرکی خاوەن بابەتەکانە...

- ئەو بابەتانەی بۆ بۆپێشەوە دەنێردرین دەبیَ بە فۆنتی یونیکۆد نووسرابێت ...
- ناردنی وێنە لەگەڵ بابەتەکان...

پرسی ڕۆژ گۆشەیەکە ئاراس ڕەشید هاوکاری سەرنووسەری بۆپێشەوە ئامادەی دەکات. هەوڵدەدات یەکێک لەپرسە گەرمە سیاسی یان کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگەی کوردستان بخاتە بەرباس لە ڕێگەی کەسایەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی شارەزا لەو بوارەدا...

bopeshawa@gmail.com

# پرسی ڕۆژ

## بزوتنەوەی گۆڕان و پێگەی سیاسی لە کوردستان...

### بەڕێز کاکەلاو تەحسین وەڵامی داوەتەوە...

پرسی ڕۆژ: بزووتنەوەی گۆڕان و پێگەی سیاسی لەکوردستان.

پاش ئەوەی بزووتنەوەی گۆڕان لەلایەن یەکێک کەسایەتیە ناسراوەکانی بزووتنەوەی کوردایەتی (نەوشێروان مستەفا) وەک ڕێکخەری ئەو بزووتنەوەیە خۆی ڕاگەیاند، هیوا وئومێدێکی زۆری بەخشیە بزووتنەوەی ناڕەزایەتی وبەرهەڵستکاری (ئۆپۆزسیۆن) لەناو پرۆسەی سیاسی کوردستان. ئەو هەڵکشانە خێرایە زۆری نەخایاند داکشانی بەخۆوە بینی. لە دوایین هەڵبژاردنەکانی لەکوردستان لە ئۆکتۆبەری ٢٠٢٤ تەنیا توانیان ١ کورسی پەرلەمانی بەدەستبێنن.

دوای مردنی نەوشێروان مستەفا ئەو بزووتنەوەیە بەتاک وبەکۆمەڵ خەڵکی لێ دەبۆوە، تاگەیشتە کەرتبوونی گەورە. لەم دواییانە بەناوەکانی گۆڕانی سەرگردەکە و کوردسات. هەردووﻻ لەهەوڵی ڕێکخستنی ریزەکانیان لەرێگەی کۆنفرانس، و هەردووﻻ لەو هەوڵانەیان سەرکەوتوو نەبوون وکۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکانی عێراق لەئێستادا هیچیان بەرەسمی ناناسێت.

پرسی ڕۆژ: ئەم هەوڵانەی بزووتنەوەیەکی وەک گۆڕان لەپرۆسەی سیاسی لەکوردستان و ئومێدی خەڵک چۆن لێکدەدەنەوە؟




بەڕێز کاکەلاو تەحسین وەک چالاکوانێکی سیاسی وشرۆڤەکاری سیاسی ئەم پرسەی بۆ شرۆڤە کردین.

کاکەلاو تەحسین: گۆڕان بزوتنەوەیەکی بێ بنەما...

ئەوەی ئەمرۆ دەگوزەرێت لە دۆخی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان لەئێستادا جێگای هەڵوێستەیە، چونکە ئەو بزوتنەوەیەی ئامانجی گۆڕانی سیستەمی سیاسی و فەرمانڕەوای لەکوردستان هەڵگرتبوو. کەچی ئەمرۆ ناتوانێ سیستەمی پەیرەوی ناوخۆی حیزبەکەی خۆی جێ بەجێ بکاتا ئەوەتا ئەمرۆ دابەش بوونەتە سەر دوو مینبەرو دوو بارەگاو دوو کۆنگرەا ئەوەتا ئەورۆ پێگەی جەماوەریان بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بەزۆر گەیشتە بە یەک کورسیا کەچی خۆیان بوون بە دوو باڵ. ئەوەی ڕوودەدات سەرسورهێنەرو ناچاوەڕوانکراو نییە، بەڵکو کەمێک درەنگیش کەوت، چونکە ئەم بزوتنەوەیە لە بنەمای دروستبوونی بۆ دروستکردنی هێزێک نەبوو کە جیاواز کار بکات لەسەر دونیا بینی سیاسەت لە هەرێم، بەڵکو کاردانەوەیەکی کەسی بوو. گەر بگەڕێینەوە بۆ ساڵی □٠٠□ هەموان دەزانن کە نەوشێروان مستەفا داوای دەست لە کارکێشانەوەی مام جەلالی دەکرد لە سکرتێری گشتی، دواتر ئەو هەوڵە گۆڕدرا بۆ کۆمەڵێک گۆڕانی ناوخۆیی لەسەر داوای نەوشێروان، لە ناویاندا زیادکردنی ژمارەی مەڵبەندەکانی یەکێتی لە ٥ پێنج مەڵبەندەوە بۆ ٣٦ مەڵبەند، و ئەنجامدانی هەڵبژاردن. دوای ئەوەی مام جەلال لە ڕێگای کۆمەڵێک بەرژەوەندی توانی کۆسرەت ڕەسوڵ کە پاڵپشتی پرۆژەکەی نەوشێروان بوو دوور بخاتەوە، و دواتر نەوشێروان لەسەرجەم مەڵبەندەکان هەڵبژاردنی دۆڕاندا ئیتر بڕیاریدا دەست بکێشتەوە، و دەزگای ڕاگەیاندن دروست بکات. بۆ ئەو مەبەستەش داوای دە ملیۆن دۆلاری کرد لەگەڵ گردەکە، لەڕێگای بارەگای چاودێری دارایی‌یەوە لە ئەنجام مام جەلال بە زوویی پەسندیکردو جیا بۆوە. لە ٢٠٠٩ لە ڕێگای بەشداریکردن لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لیستێکی ڕاگەیاند بە ناوی بزووتنەوەی گۆڕان؛ ئیتر بەهۆی یەک لیستی یەکێتی و پارتی، و وە کارکردنی مام جەلال بۆ دەرچونی مسعود بارزانی بە سەرۆکی هەرێم، و ناڕەزایی گەورەی خەڵک لە سیستەمی فەرمانڕەوایی، توانی ٢٥ کورسی بەدەستبهێنێت. لێرەوە گۆڕان توشی گرفتی دۆزینەوەی ناسنامە بوو، بەڵام چونکە لە بنەمادا ئامانج و باوەڕێک نەبوو تا هەوڵی بۆ بدەن و پێی بگەن، لەو ڕێگایەوەش ناسنامەی خۆیان دیاری بکەن؟ ئیتر کەوتنە کۆکردنەوەی حەشامات ئەو کۆکردنەوەیە وایکرد پشت بە وتاری پۆپۆلستی ببەستن، و ئەوەش سەرەتای ڕەگ داکوتانی ئەو گوتارە بوو، بۆ دواتری هەرێم، لێرەوە کەوتنە کۆکردنەوەی عەلمانی و ئیسلامی و شەوان لەگەڵ روناکبیران کۆدەبۆوە بە رۆژیش بەرماڵ و قورئانی ماچ دەکردو تەکیەو مزگەوتی بەسەر دەکردەوە. لەوﻻ بانگەوازی بۆ پاراستنی مافی کرێکاران دەکرد، لەوﻻ خەریکی دروستکردنی تابلۆ مۆڵ و کارگەی چیمەنتۆ و دڵداری بوو لەگەڵ سەرمایەداران. ئەوە سەرەتایەک بوو بۆ لێدان لە بزوتنەوەی ڕاستەقینەی ئۆپۆزسیۆن لە هەرێم کە لە دوای ساڵی ٢٠٠٠ خۆکردانە (سروشتی خۆرسکانە) لە هەرێم دروست ببوو، ئەو هات ئەو بزوتنەوە خۆکردەی قوت داو کردیە قوربانی سیاسەتی تۆڵەکردنەوە لە سکرتێری یەکێتی. دوای گوتارە پۆپۆلیست و پاوانخوازیە جەماوەریەکە هەڵسا بە دۆزینەوەی دەیەها کارەکتەری ﻻواز و بۆش وﻻواز، و کردنیان بە ڕەمز بۆ بزوتنەوەکەی، کە دواتر ئەوانە بۆ خەڵک ئاشکرا بوون کە بۆش و خۆفرۆشێک بوون. بەڵام نەوشێروان مستەفا بەمەبەست ئەو کارەی دەکردا چونکە دەیویست بە ڕکابەرەکانی بڵێت لە یەکێتی کەمن فەرمانرەوایەتی ئێوە سوک دەکەم لە ڕێگای خەڵکی سوکا وە من خۆم خاوەن هێزی ڕاستەقینەی جەماوەرم بۆیە کەسێک گەر هیچ بەهایەکی کۆمەڵایەتیشی نەبێت، من لە پشتی بم دەری ئەچوێنم وە سەرکەوتوش بوو لەو کارە. بەهاری عەرەبی لە ساڵی □□٠□ هاوکارێکی باشی بزوتنەوەکە بوو، تا تەمەنی درێژتر بێت و خەڵک هەست بکات وەک وﻻتانی تری عەرەبی یەکێتی و پارتی دەروخێن وبزوتنوەی گۆڕان دەسەڵات وەردەگرێت. ئەو بزوتنەوەیە لەسەرەتاوە فاشیەتی بە روونی دیار بوو، بەڵام خراپی یەکێتی و پارتی وای لەخەڵک کرد چاوپۆشی بکات. هەموان لە بیریانە لە دوای شەش مانگ لە دەست بەکاربوونیان لە پەرلەمان د.زانا و د.شاهۆ. د.جعفر و دکتۆرە پەریهان دەست بکێشنەوە بەهۆی گوێ نەگرتن لە داواکانیانا و دوورکەوتنەوە لە وتاری پۆپۆلستی. دوای چوار ساڵ لە ئۆپۆزسیۆن بوون نەوشێروان مستەفا سەردانی سەری ڕەشی کردوو، لەگەڵ مسعود بارزانی بۆ چوار ساڵ ئارامی شەقام ڕێک کەوتن. ئیتر لێرەوە ئەو بزوتنەوەیە توشی هەڵوەرین و هەڵگەرانەوەو سەنگەر گۆڕین بوو، لێرەوە وتاری من بۆ هەموتانم چیتر کاری نەکرد. واتە سێ ساڵ بەر لە مەرگی نەوشێروان ئەو بزوتنەوەیە هەڵوەری وە ئەوە هەڵەیەکی مێژووی و لۆژیکیە کە هەندێک خەڵک دەڵێن بەهۆی مەرگی نەوشێروان گۆڕان وای لێهات.ا هەموو کەس دەزانێت بەر لە نەخۆش کەوتنی مام جەلال بەیەکەوە کۆ بوونەوەو ڕێک کەوتن گۆڕان و یەکێتی یەک بخەن. هەر ئەوەش بوو کە دوای نەخۆش کەوتنەکە گۆڕان و یەکێتی ڕێکەوتنی ستراتیجی بکەن و کار بۆیەکخستنی فراکسیۆنەکان بکەن. ئیتر ئەوەی ئەمرۆ روو دەدات بەرهەمی کارو خەباتی نەوشێروان مستەفایە لە سەرەتای دروست بوونی بزوتنەوەکە، چونکە گەر هزر ئامادەی نەبوو لە کۆکردنەوەی گروپێک لە چواردەورەی پارتێک یان بزوتنەوەیەک ئەوا ئەنجامەکەی هەر هەڵوەشانە. لە کۆتاییدا ڕاستە بزوتنەوەی گۆڕان بووە نمونەیەکی سەرنەکەوتووی سیاسی لە مێژووی ساسی هەرێم، و تەواو بوو. بەڵام تا ئایندەیەکی زۆر بووە هۆکاری نائومێدکردنی خەڵکی کوردستان لە دروستبونی بەرەی ئۆپۆزسیۆن، و هۆکارێک بۆ بەهێزکردنی تەمەنی یەکێتی و پارتی و درێژکردنەوەی فەرمانڕەوایان.




**********



## هەژمارەکەی یەکێتی یان تەوتینی ئێمە؟
## تەوطین مرۆڤ سەربەرز دەکات
## هەژماری چەتەکان یەکێتی و پارتی سەرشۆر دەکات!

**نووسینی: رێبوار یاسین**

زیاتر لە 34 ساڵ یەکێتی و پارتی بەناوی حکومڕانیەوە وەک برا بەش سەروەت و سامان و خێر و بێری ئەم وڵاتە دەدزن و دەیخۆن. ئاخر لەماوەی حکومڕانیدا چ بڕیارێک چ کارێکتان کردوە بۆ پڕکردنی گیرفانی خۆتان ونەوەکانتان نەبوبێت!!

لەسەروبەندی هەڵبژاردنەکان سەرۆکی یەکێتی بە سێت پەیمان و بەڵێنی بە جەماوەری حزبەکەی ئەدا، خەڵکی یەکێتی ئومێدێکی زۆریان بە سەرۆکە خوێن گەرم و پڕ جۆشەکەیان هەڵچنی بوو، زۆر هیوا خواز بوون لە پاشکۆیەتی پارتی ڕزگاریان بێ و ستۆپێک بە دەسەڵاتە ڕەهاکانی پارتی بکەن و شەراکەتێکی ڕاستەقینە دروست بکەن لە حوکمڕانیدا، چی دی هەست بە لاوازی نەکەن بەرامبەر بە پارتی حوکمڕان، وەعدی وەستاندن و تەوتین و وەرگرتنەوەی هەولێر لە کۆتاییدا بوو بەوەی کە سەرۆکی یەکێتی خۆشحاڵە ئەتوانێ جەنابی سەرۆک وەزیران ببینێ و قسەی خۆش بۆ یەکتر بکەن، هەر بە قودرەتی قادر دەنگوباسی تەوتین نەما ئێستا هەژماری مەسرور هی بافڵیشە، چونکە جەنابی سەرۆک وەزیران تیمێکیان نارد بۆ لای کاک بافڵ و تێیان گەیاند کە ئەم هەژمارە چۆنە!

کورد ئەڵێ (قسە کەوتە زارێ کەوتە شارێ) جائەم قسانەی سەرۆکی یەکێتی یان ئەبوو نەیکات یان کە کردی دەبێ بزانێت کە ئەمە بەڵێن بوو بە لایەنگرانی خۆی داوە. حەق وابوو کە لە پای بەڵێنەکانی بووەستێ، نەک سبەی لەبری وەعدی ئەو تەوتینەی کە دابووی فۆرمی هەژماری مەسرورمان بە زۆر پێ پڕ بکرێتەوە.

ئێستا هەموو هێلکەکان لە سەبەتەی پارتین و لەسەر هێلکە سەوزەکانیش به خەتێکی جوان نوسراوه زەرد، وا بڕوات بۆ هەڵبژاردنی داهاتوو مەگەر لە بری بەڵێن سەوزەڵە خانم بۆ لایەنگرانیان بڵێن.

لەسەرو بەندی هەڵبژاردنەکانی پەڕلەماندا بۆ خۆڵ کردنەچاوی لایەنگرانی خۆیان و خەڵکی زوڵم لێکراوی کوردستان سەرۆکی یەکێتی زۆر ئازایانە بڕیاریدا کە دژی هەژماری من بێت، بەڵام بەداخەوە زۆری نەبرد لە پێناو دابەشکردنی کێکی پۆستەکانی حکومەت و ڕازیکردنی دڵی پارتی ترسنۆکانە پشتی لە بەڵێنەکانی خۆی کردو خەڵکی زوڵم لێکراو تەنانەت ئەندامان و لایەنگرانیشی کرد، بۆیە پێویستە ئەم هەڵوێستانەی سەرۆکی یەکێتی لە بەرچاو بگیرێت و لە کات و ساتی خۆیدا بدرێتەوە بەڕویدا و چیتر خەڵکی کوردستان بڕوا بە بەڵێنەکانی یەکێتی و سەرۆکەکەیان نەکەت

و هەردوو دەسەڵاتی کوردی دوو ڕوی یەک دراون.....

پارتی و یەکێتی، وەکو دزەکانی سەر سنوری مەکسیک!

پارتی و یەکێتی، بە پاش دزیی جوڵانەوەی چەرخوفەلەک (نون نون)، هەڵبژاردنی پارساڵیان لە خەڵک دزی.

ئێستا کاتی ئەوە هاتووە کە غەنیمەتەکە دابەش بکەن.




ئەوان وەکو دز و بانکبڕەکانی ناو فیلمە وێسترنەکانی ئەمریکا کە عادەتی لە کۆتایی فیلمەکاندا، لەسەر سنوری مەکسیک یەکدەگرنەوە بۆ دابەشکردنی پارەکان و دواتر ئاودیوبون، خەریکی دابەشکردنی غەنیمەتن.


زۆربەی کات وەکو ئەوەی پارتی و یەکێتی ئێستا تێیکەوتوون، دزەکان لە دەقەی ئەخێر کێشەیان بۆ دروست دەبێ و هەر هەموویان سیلاح لێک رادەکێشن. هەمووی دەستی لەسەر پەلاپیتکەیە، نە کەس تەقە دەکات و نە کەسیش سیلاحەکەی دێنێتە خوارێ.

عاقیبەت دوای ماوەیەک یەکێک لەو حاڵەتانە روودەدات، یان هەموو لێکڕا تەقە دەکەن و یەکتر بەردەدەنەوە و پارەکە لەو گۆڕە دەمێنێتەوە، یانیش یەکێکیان هەمووان بەخۆ دێنێتەوە، دەڵێ با بەعادیلانە دابەشی بکەین و دەیکەن.

ئەو فلیمەی ئێستا پارتی و یەکێتی دەیگرن، بەزمی ئەو دزانەیە کە لە کۆتاییدا، کەس کەس بەرناداتەوە و بگرە پارەکە دابەش دەکەن و ئاودیوی سنور دەبن. وەک چۆن لە ئێستاوە لەسەر هەژمار ڕێککەوتوون، وردە وردە لەسەر ئەوانی دیکەش ڕێکدەکەون.

## یەکی ئایارو ئاوڕدانەوەیەک لەکرێکارانی کۆمپانیا سکیوریتیەکان...

کرێکارانی کۆمپانیا سکیوریتیەکان بوونەتە قوربانی دەستی سیستمێکی چەوسێنەرو بێ باک لەژیان وکەرامەتی مرۆڤ، ئەوان ژمارەیان دەیان هەزارکەس دەبێت.



لەکوردستان نزیکەی 72 کۆمپانیای سکیوریتی بوونیان هەیە، هیچ جۆرە چاودێریەکی حکومیان بەسەرەوە نییە، خاوەندارێتی کۆمپانیاکان بۆ کوڕو برازاو خوشکەزاو زاوای بەرپرسانی پارتی ویەکێتی دەگەڕێتەوە، هیچ یاسایەک لەبەرژەوەندی ئەواندا لەگۆڕێدا نییە، مووچەی کەم ونەبوونی بیمەو گرنتی پاراستنی مافەکانیان و مامەڵەی خراپی کۆمپانیاکان و هەڕەشەی لولەی تفەنگ و دەمانچەی سەرمایەداران و کوڕە بەرپرسەکان و هەواڵی کوشتنی ناوبەناوی کرێکارانی کۆمپانیا سکیوریتیەکان، هەموو ئەمانەو دەیان کێشەو چەرمەسەریی دیکە لەچاوەڕوانی کرێکارانی کۆمپانیا ئەمنیەکاندایە!


ئەم کرێکارانە، زۆرینەیان دەرچووی زانکۆو پەیمانگاکانن، بەهۆی دەستکورتی و نەبوونی دامەزراندن وهەلی کارەوە، بەناچاریی ملیان ناوە بەم کۆمپانیا سکیوریتیانەوە، جل وبەرگ و پێداویستیەکانی کاری سیکوریتیان پێدەکڕن، کەخۆی لە 100 هەزار دینار ئەدات، سەرجەم ئەو دوکان و شوێنانەشی کەجلوبەرگی کۆمپانیاکان دەفرۆشن، شەریکی خودی کۆمپانیاکانن!

لەکاتی دامەزراندنیشدا، گرێبەستیان پێ واژۆ دەکرێت، ئەم گرێبەستە ناخرێتە بەردەمی کرێکاران، بەڵکو تەنها شوێنی واژووکردنیان بۆدیاری دەکرێت و کرێکار پاپەند ئەکەن بە داوانەکردنی ماف لەکۆمپانیاکان، لەئەگەری ڕودانی هەرڕوداوێکی نەخوازراو لەسەرکار!

کێشەیەکی دیکەی ئەم کرێکارانە، نەبوونی پاڵپشتی یاساییە، لەکاتی ڕودانی ئەوکێشانەی ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، بۆنمونە لەکاتی بەرگریی کردن لەخۆیان لەدروستبوونی شەڕو ئاژاوەدا، پۆلیس کرێکارەکانیش وەکو یاساشکێن و تۆمەتبار سەیر دەکات و دەستگیریان دەکات، دەیان کرێکار تائێستا بەهۆی بەرگریی کردن لەخۆیان وشوێنی کارەکانیانەوە، دەستگیر و زیندانی کراون!

کۆمپانیاکان بۆ هەرکرێکارێک، بڕێکی زۆرپارە لەوشوێنانە وەردەگرێت، کەکرێکارەکانیان بۆ دابین دەکات، بڕێکی کەمی پارە 400 هەزاردیناریان پێدەدات، لەکاتێکدا، 90٪ ئەو کرێکارانە، تێچووی نان خواردن وهاتوچۆ لەئەستۆی خۆیانە!

**دیار بەرزنجی**



# ڕێزلێنان لە ئەنجلز (١٨٢٠-١٨٩٥)

## وەرگێرانی: توانا حەمە نوری

لە ماوەی ١٢ ساڵەی دوای مردنی کارڵ مارکس (١٨١٨-١٨٨٣)، ئەرکی سەرەکی سەرکردایەتیکردنی بزووتنەوەی سۆشیالیستی کەوتە ئەستۆی ئەنجلز. نەک هەر ناچار بوو بابەت بۆ گۆڤارە جۆراوجۆرەکان بنووسێت و لەگەڵ سەرکردەی سەندیکا و حزبەکانی دیکە کۆببێتەوە و وەڵامی ئەو نامە زۆرانەی کە بۆی دەهات بداتەوە، هەروەها بەرپرسیار بوو لە کۆکردنەوە و دەستکاریکردنی بەرگەکانی دواتری کتێبی کاپیتاڵ. ئەمە لە کاتێکدایە کە پێش مردنی مارکس بەتایبەت لە سەرەتای ساڵانی ١٨٤٠ بەدواوە شاهیدی جۆرێک لە دابەشکردنی کار دەبین. ئەنجلز زیاتر سەرنجی لەسەر لایەنی سیاسی و سەربازی و زانستی بوو، لە کاتێکدا مارکس سەرنجی لەسەر لایەنی ئابووری بوو. دیارە چالاکی هاوبەشیان هەبووە و بەرهەمەکانی دیکەیان لە ئەنجامی بیرکردنەوەی یەکتـرەوە بـووە. بەڵام ئەم دابەشکردنی کارەش بوونی هەبوو. بەم شێوەیە، بۆ زیاتر لە ٤٠ ساڵ، ئەنجلز بەو شێوەیەی کە مارکس لەگەڵیدا خەریک بوو، سەرنجی لەسەر ئابووری سیاسی نەبوو؛ بەڵام دوای مردنی مارکس بوو کە چیتر نەتوانرا تەنها بە هاوکارەکەی مارکس لە ئابووری سیاسیدا هەژمار بکرێت؛ ئەنجلز پێشتر بووبوو بە تیۆریستێکی ئابووری سیاسی. بێگومان بەشێکی ئەرکێک بوو کە ڕەنگە بە پێچەوانەی ویستی خۆیەوە کەوتە سەری؛ بۆ نموونە دەستکاریکردنی بەرگەکانی دواتری کتێبی کاپیتاڵ کە مارکس تەنیا دەستنووسەکانی بەجێهێشتبوو. تەنانەت کچەکەی مارکس، ئێلینۆر، بەپێی توانا یارمەتی ئەنجلزی دەدا لەم دەستکاریانەدا، بەڵام وادیارە ئەوەندە سەبر و متمانەی بەخۆی نەبوو، هەر بۆیە ئەم ئەرکە گەورەیە کەوتە ئەستۆی ئەنجلز. ئەمە بە تایبەتی لە پیشەکی ئینگلیزی بەرگی یەکەمـی کـاپـیـتـاڵـدا ڕوونە. ڕۆژانە ٨ بۆ ١٠ کاتژمێری تەنیا بۆ کتێبی سەرمایەی تەرخان دەکرد تا بتوانێت بەرگەکانی داهاتوو لە کەمترین کاتدا بۆ چاپکردن ئامادە بکات. بێگومان ئەنجلز لەو ماوەیەدا چەند بەرهەمێکی بچووکتری مارکسیشی دەستکاری کردووە. بۆ نموونە نامیلکەی ئابووری بە ناوی "کاری کرێگرتە و سەرمایە" و وەرگێرانی یەکەمی "هەژاری فەلسەفە" بۆ زمانی ئەڵمانی. ئەنجلز سەرپەرشتی وەرگێرانی بەرگی یەکەمی کاپیتاڵ لەلایەن ئێدوارد ئێولینگ و ساموێل مۆرەوە بۆ ئـیـنـگـلـیـزی دەکـرد. لە ساڵی ١٨٨٥ تا مردنی ئەنجلز ماوەی ١٠ ساڵەی بەرهەمدار بوو. لەبەرئەوەی سـەرمـایـەداری لەو کاتەوەی مارکس بەرگی یەکەمی نووسی، گۆڕانی بەسەردا هاتبوو، ئەرکی ئەنجلز بوو کە تیۆری ئابووری مارکس لێکبداتەوە و نووسینەکانی لە قاڵب بداتەوە. جگە لەوەش لەم ساڵانەدا کتێبی زۆر گرنگی "سەرچاوەی خێزان و خاوەندارێتی تایبەت و دەوڵەت" و هەروەها کورتە نامەی فەلسەفی "لودویگ فۆیەرباخ و کۆتایی فەلسەفەی کلاسیکی ئەڵمانی"ی چاپ کردووە و زیاتر لە ٢٢ پێشەکی بۆ بەرهەمەکانی مارکس نووسیوە، لەوانە ٥ پێشەکی بۆ مانیفێستی کۆمۆنیستی، هەروەها نامە و وتار بۆ ڕۆژنـــــــــامەکـــــــان. بەم شێوەیە، وەک مایکل چارلز هاوارد وتوویەتی: "دوای نزیکەی ٤٠ ساڵ، ئەنجلز جارێکی دیکە بووەوە بە تیۆریستێکی ئابووری سیاسی". خـۆشـبـەخـتـانە بە پـێـچەوانەی مارکسەوە، ئەنجلز لەو ساڵانەدا تەندروستی جەستەیی و دەروونی تەواو بوو. لە ساڵی ١٨٨٠ کاتێک ئێدوارد بێرنشتاینی گەنج لە لەندەن چاوی بە ئەنجلز کەوت، زۆر سـەرسـام بـوو پـێـی: "لەو ڕۆژانەدا ئەنجلز تازە بوو بە شەست ساڵ و تەندروستی جەستەیی و هـێـزی دەروونی سەرسامی دەکردم. ئەم پیاوە باڵابەرز و باریکە بە خێراییەک کە تەنانەت لە بچووکترینەکانی ئێمەش زیاتر بوو، بە شەقامە درێژەکانی لەندەن دەڕۆیشت. ئاسان نەبوو بۆ ئێمە کە لە کاتی ڕۆشتنماندا لەگەڵیدا بەردەوام بین. هەرچەندە مارکس تەنها دوو ساڵ لە ئەنجلز گەورەتر بوو، بەڵام ئەو بڕوایەی دروست دەکـرد کـە زۆر گـەورەتـرە." ئەمانە تەنها چەند دەستکەوتێکی ئەنجلزن؛ شایانی باسە ئەنجلز تێگەیشتنی ئێمەی لەسەر ماتریالیزمی مـێـژوویـیـش گـۆڕی. دوای بڵاوبوونەوەی کاپیتاڵ، هێشتا وا دیار بوو کە مارکس فاکتەری ئابووری بە گرنگترین لایەن، یان بە بۆچوونی زۆر کەس بە بنەڕەتیترین لایەنی ماتریالیزمی مێژوویی دەزانی؛ بەڵام ئەوە ئەنجلز بوو کە لە نامەیەکدا بۆ هـاوڕێـکـانـی ئـامـاژەی بەوەدا کە فاکتەری ئابووری تەنها یەکێکە لە هۆکارە کاریگەرەکان و تەنها لە قۆناغی کۆتاییدا گرنگترین فاکتەرییە. وەک لە نامەیەکدا بۆ جۆزێف بلۆچ لە ٢١ی ئەیلوولی ١٨٩٠ نووسیویەتی:

بەپێی چەمکی ماتریالیستی مێژوو، ئەو فاکتەرەی کە دواجار لە مێژوودا یەکلاکەرەوەیە، بەرهەمـهـێـنـان و دووبارە بەرهەمهێنانەوەی ژیانی ڕاستەقینەیە. هەرگیز نە من و نە مارکس ئیدیعای لەمە زیاترمان نەکردووە. ئەگەر ئێستا کەسێک ماناکەی بە شێوەیەک بشێوێنێت کە وا دەردەکەوێت فاکتەری ئابووری تاکە فاکتەری دیاریکەرە، ئەوا ئەم کەسـە ئەو گەڵاڵەیەی کـردۆتە دەستەواژەیەکی ئەبستراکت و بێ مانا کە هیچی بۆ وتن نییە. دۆخی ئابووری بنچینەیە، بەڵام بەشە جۆراوجۆرەکانی پێکهاتەکە – فۆرمە سیاسییەکانی خەباتی چینایەتی و دەرئەنجامەکانی، یاسا بنەڕەتییەکان کە چـیـنـی سـەرکـەوتـوو دوای سـەرکەوتـن دامەزرانـدوویـانە، فۆرمەکانی یـاسـایـی و تەنانەت ڕەنگدانەوەی هەموو ئەو ململانێ ڕاسـتـەقـیـنـەیـانە لە مـێـشـکـی بەشداربووان، تیۆریە سیاسییەکان، بیروباوەڕی یاسایی، فەلسەفی و ئایینی، و پەرەسەندنی زیاتریان بۆ سیستەمی دۆگماتیک – هەموو ئەمانەش کاریگەریـیان لەسـەر پەرەسەندنی ململانێ مێژووییەکان هەیە و لە هەندێک حاڵەتیشدا شـێـوەیـان دیـاری دەکەن. لە ژێر کارلێکردنی هەموو ئەم فـاکـتـەرانەدایە کە بـزووتـنەوەی ئابووری لە کۆتاییدا بە ڕەتکردنەوەی ژمارەیەکی زۆر کەم لە ڕووداوی هەرەمەکی ئەنجام دەدرێت (واتە ئەو شـتـانە و ڕووداوانەی کە مـانـای نـاوەکـیـیـان ئەوەنـدە دوورە کە دەتوانرێت بە نەبوون و ئەگەری نادیار دابنرێن). ئەگینا، جێبەجێکردنی ئەم تیۆرییە لە هەر سەردەمێکی مێژووی ئاسانتر دەبێت وەک لە چارەسەرکردنی هاوکێشەیەکی سادە.

وادیارە دەستکەوتەکانی ئەنجلز بە شێوەیەکی سەیر پشتگوێ خراون، لەکاتێکدا نووسینەکانی نەک تەنها تەواوکەرێکی نایابن بۆ تێگەیشتن لە مارکس، بەڵکو لە زۆر حاڵەتدا زیاتر لەوە لەگەڵمان دەبن.

**لە فارسییەوە کراوەتە کوردی...**

> دەستکەوتەکانی ئەنجلز بە شێوەیەکی سەیر پشتگوێ خراون، لەکاتێکدا نووسینەکانی نەک تەنها تەواوکەرێکی نایابن بۆ تێگەیشتن لە مارکس، بەڵکو لە زۆر حاڵەتدا زیاتر لەوە لەگەڵمان دەبن...


گۆشەی ئەدەب و هونەر

گۆشەی ئەدەب و هونەر، گۆشەیەکی تایبەتی بۆپێشەوەیە کە لەهەر ژمارەیەکدا بابەتێکی ئەدەبی یان هونەری لەشێوەی هۆنراوە، تێکستی ئەدەبی، وەرگێران، بڵاودەکاتەوە، یاخود دیمانە لەگەڵ ئەدیب و هونەرمەندێک یان ناساندنیان رێک دەخات...

ئامادەکرنی گۆشە: کاوان قادر، وریای رەسام، ڕیبوار حەمە شەریف

# هونەرمەندوبیرکردنەوەی جیاواز

## نەجم محەممەد



تێڕوانینی جیاواز بریتییە لە ڕوانگە، بیرۆکە، یان تێگەیشتنێکی جیاواز لەبارەی بابەتێکەوە، کە دەکرێت لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر جیاواز بێت بەپێی ئەزموون، پەروەردە، کەلتور، باوەڕ، و زانیارییەکانییان تێڕوانینی جیاواز سروشتێکی سروشتی مرۆڤە و پێویستە وەک بەشێکی پڕ بەهای ژیان سەیری بکرێت. جیاوازی ڕای مرۆڤەکان دیاردەیەکی سروشتییە کە لەگەڵ مرۆڤایەتی بووە لە سەرەتای مێژووەوە. لەو کاتەوەی کە ژیان لەسەر هەسارەی زەوی دەستی پێکردووە، مرۆڤەکان هەرگیز بەسەر یەک ڕایەکدا کۆنەبوونەتەوە، بەڵکو جیاوازی و هەمەچەشنیی سەرەکیترین سیما بووە. ئەم جیاوازییە خراپ نییە، بەڵکو دەوڵەمەند و بەرهەمدارە، بەڵام مامەڵەکردن لەگەڵیدا بە شێوەیەکی دروست ئەوە ئەستەمەکەیەکە پێویستی بە چارەسەری هەیە.

جیاوازی ڕای مرۆڤەکان پێویست ناکات ببێتە هۆی ناکۆکی و دوژمنایەتی، بەڵکو دەکرێت دەرفەتێک بێت بۆ فێربوون و پێشکەوتن، و بۆ دەوڵەمەندکردنی گفتوگۆ و گۆڕینەوەی بیرۆکەکان. بۆیە، مامەڵەکردن لەگەڵ جیاوازی ڕایەکان بە شێوەیەکی هێمن و ژیرانە کلیلی دروستکردنی پەیوەندی بەهێز و بەرهەمدارە لە نێوان تاکەکان و کۆمەڵگەکاندا.

بۆ هونەرمەندیش کەکاری هونەری دەکات بیرکردنەوەی جیاواز یەکێکە لەسەرەکیترین خاڵی هونەری کەگرنگی پێ بدات هونەرمەند تێڕوانینێکی تایبەتی بۆ ژیان و دەوروبەری هەیە. ئەو جیهان بە چاوێکی نوێ دەبینێت و توانای گەورەی هەیە لە ناسینەوە و نیشاندانی ڕاستییەکان بە شێوازێک کە خەڵکی ئاسایی ناتوانن، دیارە هونەر خۆی ڕێگایەکە بۆ نیشاندانی جیهان بە شێوازێکی نوێ .

دەبێ هونەرمەند واوەتر لە بیرکردنەوەی خەڵکی ئاسایی بڕوات و لەسەرو خەڵکی ئاساییەوە بیربکاتەوە مەبەستم لەم خاڵە ئەوە نییە هونەرمەند خۆی لەخەڵکی بەزیاتربزانێ وخۆی لەخەڵکی جیابکاتەوە، نەخێر مەبەستم ئەوەیە کەهونەرمەند تێڕوانین وبیرکردنەوە جیاواز لەهونەرەکەیدا تەوزیف بکات و وێڕای ئیستاتیکای هونەری هونەر بکاتە ئولگو و دەربیجەیەک بۆ هوشیارکردنەوەی خەڵک وکۆمەڵگە

تۆ ناتوانی هونەرمەند بیت و بەبیرکردنەوەو تێڕوانینی کلاسیکی و باوی کۆمەڵگە خەڵکی لەڕێی هونەرەکەتەوە هوشیار بکەیتەوە یان هونەرێکی جیاوازو نوێ بخولقێنی یان داهێنانی نوێ لەهونەردا بەرپا بکات هەربۆیە من پێم وایە بیرکردنەوەی جیاواز سەرەکیترین ڕەگەزی هونەرو داهێنانە، تۆ ئەگەر خاوەنی بیرکردنەوەیەکی جیاواز نەبی ناتوانی هونەرو داهێنانی جیاواز بخولقێنی.

# ژوانێکی تائەبەد



وەرە گوڵم

تۆ ڕوح کێشم ـ بە

تۆ یەکەم ئەوین و

کۆتا ئەوین بە

فریشتەکان

هەڵفرینەوە تۆ تەنیا بمنوسەوە

بە دڵی خۆت بپرسم.

یەکەم نامە و

یەکەم فۆن و

یەکەم عیشق و

یەکەم ژوان.

ڕاسگۆ بووم گەرلە وەلآمێک

تۆ بە ئاوی لێواوەکانت

بسمیلم کە.

هەر بە پرچی خاوت

کفن و دفنم بکە

با لێوان و

کۆڵمێک لە ڕەنگی ئەرخەوانیت

...با کێل و

بەردی ئەلحەد بێ و

.. باژوانی ئەم جارە شمان

ژوانێکی تا ئەبەد بێ

... ژوانێ

کە شایستەی خۆشەویستی

دونیای پڕلە ئەفسونێ

دونیای تەژێ لە خەیاڵ و

. دونیای بوونی ...ژنێ

( گۆرانی

# ئەوکاتەی متمانە ئەنێژین



سەلام سەعید

لێرە ئازار لەژورێکی تاریک مەنێ

هەنگاوەکانمماندوە

چیتر هەنگاوێکی تر بڕناکەم

بەهیچ هەنگاوێکی تۆدا ڕاناگەم

هەناسە بڕکێمە

هەنگاوێ ناچمە پێش

شار بۆ من ئەمڕۆ پڕە لە نامۆ

کەسێکی ئاشنا نابینم

سینەم پڕە لەقسە

نازانم بۆ کێ کۆتا چیرۆکم باس بکەم

ترس ئاوقام بووە

ڕوناکییەک شک نابەم ڕوی تێکەم

پێ ئەچێت گەمەی خۆکوشتن بکەم

چیتر ناتوانم یاخی بم

پێ ئەچێت ئازارەکانم وەپێچم

متمانەم لەناو ئیرەیی ئەودا بنێژم

هەست بە ماندو بوون ئەکەم

ئەم شارە پڕە لە مردن بۆ من

بەهیچدا ڕاناگەم

من ڕۆژانێ هەموو گفتێکم بۆ ئەو

بەڵێن بوو

پێکەنینەکانم بۆ ئەو پڕ بوو لە بۆن ونەوشە

ئەمڕۆ بۆ بەختی من گڵۆپەکانی شاریش

کز ئەسوتێن

وەک هەناسەم ئەزمڕ

باوەشی بەتۆقێ تەمدا کردوە

کۆڵانەکانی شار

ئەمڕۆ ئاڵودەن بەهیچ

وەک چۆن ئەو

ئالودەیە بەبێ متمانەیی بۆمن

هیچ لەگەڵ چوارچێوەی گفتەکانمدا

ڕێک ناکەوێ

هێندە لەبێ متمانەیی بێزارم

ڕقم لەهەموو جوڵەیەکە

ڕقمە لەشار... لە شەقام

لە ئاپورای خەڵک

لە ستێرنی ماشێنەکەم

ڕقمە لەخۆم

ڕقمە لەخەڵک

ڕقمە لەهەموو کەرکەدەنەکانی درۆ

ئەوەی ناتوانم ڕقم لێی بێ


نامۆیی تۆ و هەناسەکانی غوربەتی تۆیە

بۆیە ئەمڕۆ من ڕقیشمە لەخۆم

کەتۆ متمانە ئەنێژی

# ڕومالێک لە بارودۆخی زیندانیانی سیاسی کوردستان

بەشی یەکەم



## نووسینی: کاوان قادر

دامەزراندنی ڕێکخراوی زیندانیانی سیاسی لە کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی ١٩٩٢-١٩٩٣ بەناوی کۆمەڵەی زیندانییە سیاسییەکانی کوردستان. کە لەسەروبەری دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا ئەو سەردەمەی کە هەولێر بەدەست یەکێتی یەوە بوو، سەرەتا بەهەندێک کارو چالاکییەوە دەستی پێکرد، هەندێک ئیمتیازات لەچەشنی دابەشکردنی قوماش بەسەر هەندێک زیندانیکراودا و بڕیاری دابەشکردنی نزیکەی ٢٦٥ پارچەزەوی بەسەر ئەو زیندانیانەی ڕەزامەندی ئەنجومەنی وەزیرانی هەبوو، کە زۆربەیان سەربە لیستی ی ن ک بوون، (بێگومان لە ئێستایەکدا ئەو زیندانیانەی کە پشت ڕاستکردنەوەی یاساییان بۆ ئەنجام دراوە زیاتر لە ٢٥,٠٠٠ زیندانی سیاسی دەبێت، کە لەسەردەمی ڕژێمی بەعسدا زیانیان بەرکەوتوە) پاشان شەڕی ناوخۆ دەستی پێکرد، بەهۆی ململانێی سیاسی و شەڕی حزبەکان سستی کەوتە جێبەجێکردنی ئەو بڕیارە و تا کار گەیشتە ٣١ ئاب و بڕیارەکە بەتەواوی هەڵوەشایەوە، یەکێتی لە هەولێر دەرکرا جارێکی تر لە زۆنی سەوز لەسلێمانی کۆمەڵەی زیندانیانی سیاسیان دروستکردەوە، لەو سەردەمەدا تاڕادەیەک تەنها زیندانی سیاسی ئەوانەی سەربە (ی ن ک) بەهرەمەند بوون لە خزمەتگوزارییەکان. ئەویش لەداهاتی گومرگی قاچاخ و بودجەی خاڵە سنورییەکان دابین دەکرا، بەهەمان شێوە لە زۆنی زەرد (پ د ک) ڕێکخراوێکیان بەناوی (ڕێکخراوی زیندانییە سیاسیەکان) ی سەر بە خۆیان دروستکرد و کەم تا زۆر زیندانیانی زۆنی خۆیان کە سەربە پارتی بوو سودمەند بوون لەسەر هەمان شێوەی بودجەو گومرگی خاڵە سنورییەکان. ئەو خزمەتگوزاریانە بریتی بوون لە موچە و دابەشکردنی زەوی وزار. پاش کۆتایی شەڕی ناوخۆ زۆرێک لە ڕێکخراوەکانی هەردوو زۆن یەکیان گرتەوە، ڕێکخراوی زیندانییە سیاسییەکانیش یەکێک بوو لەو پاکێجانەی ناو ڕێکخراوەکانی یەکێتی وپارتی وەکو سەندیکا و ڕێکخراوی مامۆستایان و هونەرمەندان و...هتد، دەبوایە یەکی بگرتایەتەوە، ڕێکخراوی زیندانیانی سیاسی سەربە پارتی بوو کۆمەڵەی زیندانیانی سیاسیش سەربە یەکێتی بوو یەکیان گرتەوەو لە ساڵی ٢٠٠٧دا ناویان لێنا کۆمکاری زیندانییە سیاسیەکان کە سەرپەرشتی زیندانیانی سیاسی هەرێمی کوردستانی کرد، دوای کۆتاییهاتنی شەڕی ناوخۆ ئیتر داهاتی حکومەتی هەرێم جگە لە داهاتی خاڵە سنورییەکان بودجەیەکی زەبەلاحیشی لە مەرکەزەوە بۆ دەهات کە بریتی بوو لە ١٧٪ داهاتی عێراق. کە تیایدا ڕەچاوی موچەی زیندانیانی کوردستانیشی تێدا کرابوو سەرەڕای بەردەست بوونی ئەو داهاتە زەبەلاحەی هەرێم، بەڵام زیندانیانی سیاسی بەتەواوی پشتگوێ خرا بوو، تا کار گەیشتە گردبوونەوەیەکی گەورە بۆبەردەم پەرلەمانی کوردستان لە ئەنجامی ئەو گردبوونەوە ناڕەزایەتییەدا، بڕیاردرا زیندانیانی سیاسی کوردستانیش بەهەمان شێوەی زیندانیانی سیاسی خوارو ناوەراستی عێراق، موچەیان بۆ ببڕدرێتەوە، بەڵام وەک ئەوەی بڕیاردرابوو وەک عێراق موچەیان بۆ ببڕنەوە جێبەجێ نەکرا، هەرچەند پەرلەمانی عێراقی لە ساڵی ٢٠٠٦ یاسای ژمارە ٤ دەرکرد بۆ خزمەتی زیندانیانی سیاسی وکەس وکاری شەهیدان و زیان لێکەوتوانی دەستی ڕژێمی بەعس، کە زیاتر لە دوو هێندەی زیندانیانی سیاسی کوردستان موچەیان وەردەگرت. جێگەی ئاماژە پێدانە حکومەتی عێراقی بڕیارەکەیان باشتر بوو بە بەراورد بە حکومەتی هەرێمی کوردستان، پاڵپشت بە یاسا بەجۆرێک دارێژرا کە قابیلی دەست تێوەردان نەبێت لە هەرئاڵوگۆڕێکی دەسەڵاتدا، یاساکەش دەڵێت (موچەو ئیمتیازی زیندانی سیاسی ٣ هێندەی کەمترین موچەی خانەنشین بێت، پاشان بە بڕیارەکەی ٢٠٠٦ وە نەوەستان وجارێکی تر لە ساڵی ٢٠١٣ یاساکەیان هەمواركردەوە، کەمترین موچەی خانەنشین ٤٠٠ هەزار دینار بوو) واتە زیندانیانی سیاسی عێراق بەشی جنوب ١,٢٠٠ ملیۆنێک و دووسەد هەزار وەربگرن...

ئەم هەوڵەی زیندانیانی سیاسی عێراق هاندەرێک بوو بۆ ئەوەی زیندانیانی سیاسی کوردستانیش بکەونە خۆ و داوایان کرد یاساکەی عێراق لە کوردستانیش جێبەجێ بکرێت، لەوەڵامی داخوازییەکەیاندا بەناوی کۆمکاری زیندانیانی سیاسی پڕۆژە یاسایەک پێشکەشی پەرلەمانی کوردستان کرا و بەکۆی دەنگ یاسایەکی شەرمنۆکانەیان دەرکرد. یاسای ژمارە ١١ لە ساڵی ٢٠١١دا کە لەسەرەتادا بۆ ماوەی یازدە مانگ تەنها بڕی ٣٩٠ هەزار دینار موچەیان بڕیەوە بۆ زیندانیانی سیاسی هەرێم، لە کاتێکدا موچەی تەواوی زیندانیانی سیاسی هەرێم وەک زیندانیانی عێراق لە بودجەی لە ١٧٪ دەنێردرا، بەڵام لە کوردستان تەنها ئەوەندە خێرەیان بە زیندانیانی سیاسی هەرێم ڕەوا دەبینی. پاشان بۆ ماوە ٢ ساڵ ئەو بڕە مینحەیەیە زیاد کرا بۆ چوارسەدوو پەنجاهەزار و کرا بە ٥٠٠ پێنج سەد هەزار، وە هەر زیندانیەکی سیاسی ئەگەر زیاتر لەساڵێک زیاتر بگیرابوایە ساڵی پەنجا هەزار دینار دەخرایە سەر پێنج سەد هەزارەکە بەو شێوەیە ماوەی دە ساڵ زیندانیانی سیاسی ئەو مینحەیەیان وەرگرت، پاشان لە ساڵی ٢٠١٣ لە عێراقدا هەموار کرایەوە بۆ ٢٥ ساڵ، بەڵام لە کوردستان پاش هەوڵێکی زۆر درا بۆ هەمواركردنەوە و درێژکردنەوەی بۆ ٢٥ ساڵ لە ساڵی ٢٠١٨ دا شەش مانگ بەرلەوەی مینحەی زیندانیانی سیاسی ١٠ ساڵەکەی خۆی تەواو بکات. کۆمکار جەلال شەقڵاوەیی و مام سەرۆک و جێگری سەرۆکی زیندانیانی سیاسی کاک مەلا عەلی و مامۆستا جلال شەقڵاوەیی هەوڵ ئەدەن یاساکە هەموار بکەنەوە بۆ ٢٥ ساڵ بەشێوەی عێراق، بەڵام ئەحمەدی مام ڕەسوڵ داوایان لێ دەکات کە حکومەت بە خەبەر نەکەنەوە بە بیریان مەهێننەوە و ئەو داوایە بەرز مەکەنەوە هیچ هێزێک نییە لەکوردستان ئەو مینحەیە ڕابگرێت، هەربۆیە بێدەنگیان هەڵبژارد، تاکو و مینحەکە بڕدراو ئەحمەد مام ڕەسوڵ هیچی بۆ زیندانیان نەکرد، کاتێ ١٠ ساڵەکە تەواو بوو سەرەنجام وەزیر هاتە سەر تەلەفیزیۆن و وتی ئەوانەی ١٠ ساڵەکەیان تەواو کردوە موچەکەیان دەبڕدرێت و هیچ پشتیوانییەکی یاساییان نی یە، ئەم شکستەی کۆمکار خرایە ئەستۆی ئەحمەدی مام ڕەسوڵ کە هەوڵەکانی سارد کردەوە تا موچەکەیان بڕدرا، لەو ڕۆژەوە هەندێک لە هەڵسوڕاوانی زیندانیانی سیاسی هەوڵیانداوە تەنانەت لەگەڵ لیژنەی شەهیدان و زیندانیانی سیاسی و پەرلەمان وکۆنگرەی ڕۆژنامەنوسیان ئەنجام داوە، بەڵام تا ئێستا بێ سەرەنجام ماوەتەوە، چونکە حکومەتی هەرێم پشتیوانی ناکات تا ئێستاش ناکام ماوەتەوە.

ماویەتی

# کەلتوور و ئایدۆلۆژیا و ئەخلاق

چەوساندنەوە و جیاکاری و بێمافیەکی لەڕادەبەدەر و بەشێوەیەکی ئاوا زەق و ئاشکرا، بەبێ تەسلیم بوون و ڕەزامەندیی خودی کۆمەڵانی بەرینی چەوساوە و بە ڕەوا لەقەڵەمدانی ئەم پەیوەندیە چەوسێنەرایە لە زەینی خودی قوربانیانیدا ناتوانێ خۆی بە پێوە ڕابگرێ. پاساوکردنی ئەم هەلومەرجە و، بە ئەزەلی و ئەبەدی لە قەڵەمدانی و، ترساندن و سڵەماندنەوەی ژێردەستانی کۆمەڵگە لە یاخیبوون لە دژی ئەم پەیوەندیانە، ئەمانە ئەرکەکانی ڕووبینای فیکریی و کەلتووریی و ئەخلاقییە لەم کۆمەڵگەیەدا. جبەخانەی کەلتووریی و ئەخلاقیی بۆرژوازی لە دژی ئازادی و ڕزگاریی ئینسان یەکجار گەورە و سەرسوڕهێنەرە. بەشێک لەم ئامڕازانە لە چاخە کۆنەکانەوە بە میرات ماونەتەوە، بەڵام بە پێی پێداویستیەکانی کۆمەڵگەی بۆرژوایی ئارایش و دەمەزەرد کراونەتەوە. دین و مەزهەبە جۆراوجۆرەکان، سۆز و دەمارگیریە ئەخلاقیە ساویلکانەکان، ڕەگەزپەرستی، نەژادپەرستی، پیاوسالاری، هەموو ئەمانە بەدرێژایی مێژوو چەکە فیکری و کەلتووریەکانی چینە دەسەڵاتدارەکانی کۆمەڵگە بوون بۆ کپکردن و ملکەچکردنی جەماوەری زەحمەتکێشی کۆمەڵگە. هەموو ئەمانە بە بەرگی تازە و توانای تازەوە، لەسەردەمی ئێمەدا خزمەت بە پارێزگاری کردن لە خاوەنداریێتی و دەسەڵاتداریێتی بۆرژوایی دەکەن لە مەترسی هۆشیاربوونەوە و وریابوونەوە و ڕەخنەی چینی کرێکار و کۆمەڵانی چەوساوە.

بەڵام ئەوەی کۆمەڵگەی بۆرژوایی خۆی لەمەڕ ئامڕازە فیکری و کەلتووریەکانی یەخسیرکردنەوە دایهێناوە زۆر لەمانە مەزنتر و کارامەترە. قازانج پەرستیی فەردیی و ڕکابەرایەتی، واتە لۆژیکی هەڵسوکەوتی بۆرژوا لە قەڵەمڕەوی بازاڕدا، بە سروشتی ئینسان بەشێوەیەکی گشتی لەقەڵەمدەدرێت و وەکو بەها بەرزەکانی بەشەر تەقدیس دەکرێت. لەم کۆمەڵگەیەدا پەیوەندی نێوان ئینسانەکان، ڕەنگدانەوە و پاشکۆی پەیوەندی نێوان کالاکانە. جێوشوێنی ئینسانەکان لە پەیوەند بە خاوەنداریێتیەوە پلەوپایە و بەهای ئەوان دیاری دەکات. بۆرژوازی چەقبەستن و ئارایشی خۆجێیی و بەرتەسکی کۆمەڵگەی کۆنی تێکشکان و وڵاتەکانی پێکهێنا. ناسیۆنالیزم و نیشتمانپەروەریی مۆدێرنی بۆرژوایی، وەکو بەهێزترین کۆتی ئایدۆلۆژیی چینە دەسەڵاتدارەکان لە تێکڕای مێژوودا، لە گەردنی کۆمەڵانی خەڵک ئاڵا و جێگای ڕەگەزپەرستی و عەشیرەتگەریی و ناسنامەی خۆجێیی گرتەوە.

بیروباوەڕی زاڵ لە هەر کۆمەڵگەیەکدا بیروباوەڕی چینی دەسەڵاتدارە. بەڵام باڵادەستی و کۆنترۆڵی فیکری و کەلتووری و ئەخلاقیی بۆرژوازی بەسەر ژیانی کۆمەڵگەی ئەمڕۆدا لە ڕووی مەودا و قووڵیەوە بێوێنەیە. شۆڕشە زانستی و تەکنیکی و پیشەسازیە مەزنەکانی دووسەد ساڵی ڕابردووو میکانیزمی بەهێزی بازاڕ کە هەموو سنورێکی میللی و ڕەگەزی و سیاسی و کەلتووری بەزاندووە، ئیمکاناتێکی بەرینی خستۆتە بەردەستی بۆرژوازی بۆ پاراستنی باڵادەستیی ئایدۆلۆژی و ڕەواج پێدانی پرەنسیپ و بیروباوەڕە خورافیەکانی خۆی لە ئاستێکی جیهانیدا. لە قەڵەمڕەوی بەرهەمهێنانی هزرو بیروبۆچوونیشدا، ڕێک وەکو قەڵەمڕەوی بەرهەمهێنانی شمەک، توانای خوڵقێنەرانەی ئینسان بووەتە چەکێک لە دژی خودی خۆی. ئەو داهێنان و پێشکەوتنە بێشومارانەی کە لە سەدەی بیستەمدا لە زەمینەی گۆڕانکاری لە شێوازە ئەدەبی و هونەریەکان، گۆڕانکاری لە میدیا بیستراو و بینراو و کۆمپیوتەریەکان و لە پەرەپێدانی مەیدانە جیاجیاکانی هەڵسووڕانی کەلتووریدا ڕوویداوە، لە پلەی یەکەمدا، بووەتە مایەی بۆمبارانکردنی هەموو ڕۆژەی کۆمەڵانی ملیۆنیی خەڵک بە بیروباوەڕە بۆرژواییەکان، لە شکڵ و شێوەی کاریگەرتر و ئاڵۆزتر و هەمەڕەنگتردا. سەرهەڵدانی هۆیەکانی پەیوەندی گشتی و ئەنفۆرماتیکی و تۆڕەکانی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و سەتەلایت و لەم دوو دەیەی دواییدا، کە کۆکردنەوە و گواستنەوەی خێرای زانیارییان لە سەرانسەری جیهاندا زۆر ئاسان کردۆتەوە، بەدەستی بۆرژوازیەوە بوونەتە دامودەزگای زەبەلاحی پەخشکردنی زانیاری شێوێنراو و داسەپاندنی بیروباوەڕ و هەڵخڕاندنی خەڵکی لە ئاستی سەدان ملیۆنیدا. میدیا و پیشەسازیی نمایش، کە خۆیان لە پڕقازانجترین قەڵەمڕەوەکانی جموجۆڵی سەرمایەن، بەشێکی زۆر لە ئەرکە تەقلیدیەکانی دامەزراوەی خێزان و دەزگا دینیەکان و تەنانەت ئۆرگانەکانی سەرکوتیان لە کۆمەڵگە گرتۆتە ئەستۆ و ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ڕۆڵێکی گەورەتر دەبینن لە پاراستنی ئەم هاوسەنگیە ئایدۆلۆژیەی لە کۆمەڵگە هەیە، لە گواستنەوەی بیروباوەڕ و مەعنەویات و ئەخلاقییاتی زاڵ بۆ نێو کۆمەڵانی خەڵک، لە پاوانکردنی فیکریی و لە قاڵبدانی مێشکیان، لە بەتاکخستنەوە و تۆقاندنیان و پوچەڵکردنەوەی بیروباوەڕ و بۆچوونە ڕەخنەگرانەکان لە کۆمەڵگە. ئەم دامەزراوانە و ئەم شێوە مۆدێرنانەی پاوانکردنی فیکریی و کەلتووریی کۆمەڵگە، کۆڵەکەیەکی سەرەکی سەقامگیریی سیاسی کۆمەڵگەی بۆرژواییە، بەتایبەت لە هەلومەرجی قەیران و بێئاسۆیی و بەرزبوونەوەی ناڕەزایەتی گشتیدا.

خەبات لە دژی بیروباوەڕ و دید و بۆچوون و ئەخلاقییاتی کۆنەپەرستانەی زاڵ بەسەر کۆمەڵگە، لایەنێکی هەمیشەیی خەباتی چینایەتی کرێکاران و ئەرکێکی گرنگی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی کرێکاری بووە.



# خەسرەو سایە: ترەمپ وەك نوێنەری ڕەوتی سیستەم شكێنی بۆرژوازی، لەهەوڵی ڕێكخستنەوەی هەموو لایەنەكانی نیزامی جیهانی سەرمایەداریدایە...

## دیمانەی بۆپێشەوە لەگەڵ هاوڕێ خەسرەو سایە سەرۆكی مەكتەبی سیاسی حزبی كۆمۆنیستی كرێكاریی كوردستان... سەبارەت ئاڵوگۆڕەكانی نوێ دنیاو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لێكەوتەكانی لەسەر عێراق و كوردستان ...

**بۆپێشەوە: هەڵبژاردنەوەی ترەمپ بۆ سەرۆک کۆماری ئەمریکا و گەرانەوەی بۆ کۆشکی سپی چەندین ئاڵوگۆری بەسەر سیاسەتی ئەمریکا لەئاستی ناوخۆ و دەرەوەی ئەمریکادا هێناوە... گرنگترین ئەم ئاڵوگۆرانە چین و چ لێکەوتەیەکی لەسەر ئەمریکا و لە ئاستی جیهانیدا دەبێت؟**

**خەسرەو سایە:** بەدڵنیاییەوە هەڵبژاردنەوەی ترەمپ گۆڕانکاری گەورەی هەم لەناوخۆی ئەمریکاداو هەمە لەئاستی جیهاندا، بەدواوە بووە ودەبێت. هەر لەم ماوە کەمەی دەستبەکاربوونیدا، جیهان شاهیدی گرتنەبەری کۆمەلیک سیاسەت و بڕیاری ترەمپە کەدۆخەکەی بەرەو گێژاو دڵەڕاوکێیەکی ئاشکرا ڕاپێچداوە، لەوانە مەسەلەی ڕێکەوتن لەگەڵ روسیادا بۆ راگرتنی شەری ئۆکرانیا، لایەنگری لەسیاسەتەکانی ئیسرائیل بۆ درێژەدان بەشەڕ لەغەززەو کۆچپیکردنی خەڵکی فەلەستین، لایەنگری لەڕیکەوتنەکەی ئەحەمد شەرع و هیزەکانی هەسەدە، تا پەلامارەکانی ئەمریکا بۆسەر حوسییەکان، ئەمە جگە لە بڕیاری دانانی باج لەسەر بەرهەمی ولاتان و شکاندنەوەی مەسروفاتەکانی "ناتو" بەسەر دەولەتان و دەرچونی ئەمریکا لە ڕیکخراوی تەندروستی جیهانی وکەیسی گەرموبونی ژینگە و ئاخرەکشیان ناردنی نامە بۆ خامەنەیی و دەستپێکردن بە گفتۆگۆی نیوان ئەمریکاو ئێران و کۆمەڵێک شتی تر.

**ترمپ لەوە گەیشتوە كە نیولیبرالیزەكردنی دونیا، چ بەگلۆبالیزەیشن بێت وە یا چ لەسەر بنەمای ئابوریە لۆكەلێ و سیتسمە ئەمنییە ناوچەییەكان سازبدرێتەوە، ناتوانێ پێگەو ڕۆڵی جیهانی ئەمریكا لەبەرامبەر بلۆكە ڕەقیبەكانی وەك چیندا بپارێزێت...**

لەئاستی ناوخۆشدا، سنوردارکردنی سەندیکا کرێکارییەکان بۆ بەستنی گرێبەستی بەکۆمەڵ، بەستنی دەرگا لەبەردەم پەنابەرانی مەکسیکی و ولاتانی تری ئەمریکای لاتین، تا هەڵوەشاندنەوەی کەناڵە میدیاییەکان وکۆمەلێک دامو دەزگای دەولەتی و ئەو هێرشەی کەبۆسەر ژیان و گوزەرانی هاولاتیان و ژنان وئازادییەکان و پەلاماردانی بۆسەر مافە فەردی و مەدەنییەکان.. هەموو ئەمانە گۆرانکاریو کاریگەری بەسەر دۆخی جیهانی و ناوخۆییدا هێناوە و جیهانی ڕووبەروی دۆخیکی شڵەژاوی کردوە. بەلام ڕیشەی ئەم سیاسەت و بڕیارانەی ترمپ لەکوێدایە؟

بەپێچەوانەی ئەوانەی ڕەخنە لە ترامپ دەگرن، بەوەی کە کەسایەتیەکی "ناعەقلانیە" وبڕیاری بەپەلە دەردەکا و زیاتر لەڕوانگەی "بزنسەوە" مامەڵەدەکات، من پێم وایە ترامپ نوێنەری ڕەوتێکی جیهانی بۆرژوازی ئەوپەڕی راستڕە وفاشیستە بۆ "شکاندنی سیستم" ئیستای جیهانی سەرمایەداری کەئەمریکا پێگەی تێدا ڕولەخوارکردوە و تاهاتوە کارامەیی خۆی لەدەستدەدات. کەدەڵێم ڕەوتێکی سیستەم شکێنە، مەبەستم لەوەیە کە ترمپ وڕەوتەکەی لەوە گەیشتوون کەچیتر ئەو سیستەمە جیهانی و ناوخۆییەی کەلیبڕالەکان لەسازدان وجیخستنی ناوچەکانی نفوز، هاوسەنگی ئایدۆلۆژی، بلۆک بەندییە ئابوری وسیاسیەکان، ڕیکخراوی بازرگانی جیهانی و باقی نیهاد وئۆرگانە جیهانیەکان.. کە لەدوای جەنگی جیهانیەوە بۆ ڕیکخستنی نەزم ونیزامی سەرمایەداری جیهانی سازیاندابوو، خستۆتە بەردەم هەڵوەشاندنەوەوە. واتە ترەمپ دەزانێت ئەو سیستەمەی کە لە هێز و هاوسەنگی نێوان هەردوو بلۆکی شەرق غەربدا جێیان خستوەو ئەمریکا تێیدا باڵادەستی هەبووە، ئیتر کارامەیی خۆی لەدەستداوە و نەدەتوانێ بەقازانجی ئەمریکا بێت و نەدەتوانێت قەیرانە ئابورییەکان تێپەڕێنێ و ببێتە زامنی دەورەیەکی ڕەونەق وپەرەسەندوە بۆ بۆرژوازی جیهانی، بگرە مانەوە لەسیستەمی ئیستای لیبرالەکاندا، ڕۆڵ وپیگەی ئەمریکا وەک هیزێکی بالادەست لەبەرامبەر هەڵکشانی روسیاو چین ونەیارەکانیدا، بەرەوخوارەوە دەبات. ترەمپ دەزانێت بەدوای ئەوەدا کەناکۆکیەکانی نیوان، مەکتەبی شیکاگۆ و کینزیەت" چ بەرەهاکردنی بازاری ئازاد، وەیا بەدەخاڵەتی دەوڵەت لەئابوری وبازاردا، بگات، توانای ئەوەی لێ مەیسەرنابێت کەپێگەی ئابوری و سیاسی وسەربازیەکانی ئەمریکا بەسەر جیهانەوە ناپارێزێت. تەنانەت ترمپ لەوە گەیشتوە کە نیولیبرالیزەکردنی دونیا، چ بەگلۆبالیزەیشن بێت وەیا چ لەسەر بنەمای ئابوریە لۆکەلێ و سیتسمە ئەمنیە ناوچەییەکان سازبدرێتەوە، ناتوانێ پێگەو ڕۆڵی جیهانی ئەمریکا لەبەرامبەر بلۆکە ڕەقیبەکانی وەک چیندا بپارێزێت. ئەمەش لەدۆخیکدا کەستراتیژی جیهانی بەرابەری ئەمریکاو یەک قوتبیکردنەوەی، لەسەردەمی بۆش و جەنگی یەکەمی کەنداودا، کەئامانجی دەستەی فەرمانڕەوایی ئەمریکا بوو، بەیەکجاری شکستی خواردووە. لەیەک وتەدا ترەمپ وەک نوینەری ڕەوتی سیستەم شکێنی بۆرژوازی، لەهەوڵی ڕیکخستنەوەی هەمولایەنەکانی نیزامی جیهانی سەرمایەداریدایە و ئەمەش بێگومان کاریەگەری گشتی و هەمەلایەنەی بەدواوە دەبێ و خەباتی چینایەتی ودۆخەکەی دەخاتە هەلومەرجێکی تازەوە، کەگرنگترین تایبەتمەندیەکەی پەرەسەندنی جەنگ ومیلیتاریزم وفاشیزم و ڕاسیزم وپەلاماردانە بۆسەر ئاستی ژیان و گوزەرانی کرێکاران و جەماوەری زەحمەتکێش و هەلوەشاندنەوەی هەموو ئەو بەها ئینسانی و فەرهەنگیانەی بەدواوە دەبێت کە کۆمەڵگەی جیهانی لەسەردەمی رینیسانسەوە بەدەستی هێناوە.

**دوای چەندین ساڵ لەململانێ و جەنگ و بەركەوتنی هیزە ئیمپریالیستی و ناوچەیەكانەوە، كەوتۆتە سەر ڕێچكەی دوبارە دابەشكردنەوەی جیهان و دیاریكردنی ناوچەكانی نفوز وشكڵدان بەنەزمێكی تر لەسەربنەمای دونیای چەند قوتبی و هیزە ناوچەییەكان...**

**بۆپێشەوە: جەنگی ئابوری و بازرگانی و پیناسە گومرگیەکان بەگشتی بەتایبەتی لە نێوان ئەمریکا و چین و چ کاریگەرییەکی لەسەر ئەمریکا و چین و ئەو ولاتانە دەبێت؟ هاوکات چ کاریگەرییەکانی لەسەر چینی کریکار و خەباتی ئەو چینە دادەنێت؟**

**خەسرەو سایە:** ئاشکرایە کە جەنگی ئابوری نێوان هێزە ئیمپریالیستی و ناوچەییەکان، هەمیشە خەسڵەتێکی سیستەمی سەرمایەداری و بازاڕی جیهانی بوەو هەیە، بەلام ئەوەی کەلەم جەنگەدا تازەیە ولەفەزای سیاسی و ململانێی هێزە جیهانی و ناوچەییەکاندا لەلایەن ترامپەوە دەستی بۆ براوە، خۆی لە"پێناسە گومرگیەکان"دا بەرجەستە کردۆتەوە. بەپێی ئەم بڕیارەش، دەرچونی بازارەکانی ئەمریکایە لەڕیکخراوی بازرگانی جیهانی، کە بێگومان ڕەوتی ئابوری و بازرگانی دەوڵەتانی سەرمایەداری کە"بەبازرگانی ئازاد" ناونراوە، دەخاتە تەنگانەیەکەوە وئەو مانایە بەدەستەوە دەدات، کە ڕیکخراوی بازرگانی لەبەردەم هەلوەشانەوەدایە، وەیان گۆرانکاری جدید بەدوای خۆیدا دێنێت. ئەمریکا کەلەسالانی حەفتاکاندا لە٦٠٪ ی بازرگانی جیهانی لەدەستدابوو ئەم سالانە بەڕێژەی لە١٨٪ داشکاوە. ترەمپ بەدانانی باج لەسەر کالای ولاتان، هەوڵدەدات لەڕیگای بەرتەسک کردنەوەی بازاری ساغکردنەوەی کالاوە مەرجەکانی خۆی بەسەر ولاتاندا داسەپێنێ و هەم هەموو ئەو سەرمایەو کۆمپانیا ئەمریکیانەی لەدەرەوە وەبەرهێنان دەکەن بۆ ناوخۆ بگەڕێنێتەوە تا تەمەرکوزی سەرمایەی زیاتر بۆ گەشەی ئابوری ناوخۆ زامن بکات. بەدلنیایەوە هەنگاویکی ئاوا جگەلەوەی جوڵەی ئازادی سەرمایەکان بەرتەسک دەکاتەوە، هاوکات تێکچونێکی راستەوخۆ لەبازاڕی بۆرس وساغکردنەوەی کالاکادا دروست دەکات ئەمەش کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر ئاستی ژیان و گوزەرانی چینی کرێکار چ لەناوخۆی ئەمریکاداو چ لەئاست دونیادا بەدواوە دەبێت. بەتایبەتیش کە ولاتانی تر کاردانەوەیان دەبێ و پێدەچێت ئەوانیش هاوشیوەی ترامپ باج لەسەر کالای ئەمریکایی دابنین، بەمەش

تێکچون و شلەژانێکی فراوان لەساغکردنەوەی کاڵاو هەلکشان و داکشانی نرخ و هەڵاوسان ورکودی ئابوری بەدواوەدەبێت. بەلام ئەم بڕیارەی ئەمریکا زیاتر سیاسیە لەوەی بازرگانی بێت. واتە ترەمپ دەیەوێت لەپال دابەشکردنەوەی ناوچەکانی نفوز وکۆنترۆلی هیزەکان بەسەر دەولەتاندا، نفوزی بازاری ئەمریکایی بەسەر جیهاندا بەدەستبهینێ و هەموو ئەو بلۆکبەندییە ئابوریانەی کە ڕوسیاو چین، یەکیەتی ئەورپاو ولاتانێکی "پەرەسەندوو"ی وەک بەرازیل تائێستا شکلَیان پیداوە، ڕوبەروی بێبازاڕی بکاتەوەو زەمینەی پیکهاتنی بلۆکی ئابوری وسیاسی تازە کەئەمریکا تێدا میحوەرە ساز بکات.

هەموو ئەمانەش ڕەوتی خەباتی چینایەتی بەرەو قۆناغیکی تازە دەبات وئەو پەیوەندی و هاوسەنگەیەی کە سالانێکە لیبرالەکان کردویانەتە سیستەمێک تێکبشکێنێ.

**بۆپێشەوە: ئاڵوگۆڕەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەوانە لاوازبوونی ئیران و هێزە نیابەتیەکانی، روخاندنی رژێمی بەشار ئەسەد، باڵادەستی تورکیا لە سوریا، رۆڵی ئیسرائیل لە ناوچەکە، و زۆر لایەنی تر... هەموو ئەمانە ئاماژە بۆچی دەکەن و دۆخی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست بەرەوکوێ مل دەنێت؟**

**خەسرەو سایە:** سەرەتا دەبێ بڵێم هەموو ئەو گۆرانکاریانەی کەئاماژەی پیدەکەن، دوو ڕاستی دەردەخەن:

یەکەمیان ئەوەی کە جیهان دوای چەندین ساڵ لەململانێ و جەنگ و بەرکەوتنی هیزە ئیمپریالیستی و ناوچەیەکانەوە، کەوتۆتە سەر ڕێچکەی دوبارە دابەشکردنەوەی جیهان و دیاریکردنی ناوچەکانی نفوز وشکلًدان بەنەزمێکی تر لەسەربنەمای دونیای چەند قوتبی و هیزە ناوچەییەکان. ئێستا هەموو هێزەکان بەقاری خاوکردنەوەی بارگرژییەکان و تێپەڕین بەناو کانونەکانی قەیراندا، لەهەوڵدان بۆ پێکهێنانی ئارامی وفەزایەکی ئارامی نسبی، بیگومان ئەمە بەمانای ئەوە نییە، کەلێرەو لەوێ جەنگ وهەڕەشەی شەڕی ناوچەیی و نیابەتیەکان بەیەکجاری کۆتاییان پێهاتوە. دووەم: جەنگ و میلیتاریزم کەخەسلەتێکی دونیای ئەمرۆیە، لەکەناڵی شەڕی ڕاستەوخۆی نیوان هیزە ئیمپریالیستەکان وقوتبە جیاجیاکانیەوە بەڕیوە ناچیت، هەربۆیە بەپێچەوانەی سەردەمانی هەردوو

**بۆ ئەمریکا هەڕەشەو ڕاکێشانی هێز بۆ ناوچەکە تەنها بۆئەوەیە کەفشارەکان لەسەر ئێران زیاد بکا و ناچاری بکات بەرێکەوتنێك کەبەکەمترین ئیمتیازەوە مەرجەکانی خۆی بەسەرئێراندا داسەپێنێ. خودی ترەمپ چەندین جار رای گەیاندووە کە سیسەتی "زۆرترین فشار" لەبەرامبەر ئێراندا دەگرێتەبەر و ویستی بەرپاکردنی جەنگی نییە...**

جەنگی جیهانی یەکەم و دووەمەوە کەدانوسانی ئاشکراو راستەوخۆ وبەستنی پەیماننامەی نیوان هیزەکان خۆیانەوە کۆتایان هاتوە، لەم سەردەمەدا، تەوافقاتی نهینی و لەسەرەوەی نیوان بلۆکبەندییە ئیمپریالیستیەکان، کانونەکانی جەنگ و بارگرژی یەکلا دەکەنەوە، لەنمونەی ڕوداوەکانی ئەفغانستان، سوریا، ولاتانی ئەفریقیای ناوەند..سێیەم: ڕوداوەکان پێمان دەڵین کە کێشمەکێشی هیزە جیهانیەکان لەسەر یەکلاکردنەوەی ناوچەکانی نفوز بە ڕۆژهەلاتی ناوەراستدا تێپەڕدەبێت، واتە ڕۆژهەلاتی ناوەراست بۆتە سەنتەر و ناو کۆکەیەک بۆ یەکلاکردنەوەی ڕۆڵی هێزە جیهانی و ناوچەییەکان. ئەمەش بەدەلیلی ئەوەی کەڕۆژهەلاتی ناوەراست لەڕووی پێگەی سیاسیو جوگرافیەکەیەوە، ناوەندیکە بۆ بەرهەمهینانی وزەو هیزی کاری هەرزان، هەروەها ناوچەیەکە کەلەروی میژووییەوە چەندین کێشەی جیاجیای بێ چارەسەر تیاماوەتەوە، لەوانە کێشەی فەلەستین و کورد، کێشەی کارامەیی ڕژێمە سیاسی و ئابورییەکان، گرفتی پیشەسازی بونەوەو ڕزگاری فەرهەنگی، کێشەی سیستەمی ئەمنی، کەلەدوای ڕوخانی ڕژێمی شا و هەڵوەشاندنەوەی دونیای دوو قوتبی لەبۆشایدا ماوەتەوە.. هەمووئەمانە پیویستیان بەچارەسەرکردنە بەجۆرێک کە روژهەلاتی ناوەراست بکاتە سەنتەرێک بۆ بوژانەوەی ئابوری وپەرەسەندی دەورەیەکی نوێ بۆ سەرمایەداری جیهانی.

بەڵام دۆخی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی بەدوای لاکەوتنی ڕۆڵی ڕوسیا و زەرەبەیەک کەبەسەرپێگەی ئێران و هیزە نیابەتیەکانی لەناوچەکەدا خواردیان، ڕۆڵی یەکلایەنەی ئەمریکا و دواتریش ئیسرائیلی بەرجەستەکردۆتەوە، هەوڵەکانی تورکیاش بۆپڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەیە کەبەهۆی کشانەوەی روسیاو ئیرانەوە

**خەڵکی لەوە گەیشتون کەلەسایەی ئەحزابی ناسیونالسیتی کوردا، جگە لە دەردو مەینەتی شتێکی تریان بەنسیب نابێت، ڕەوتی خەباتی چینایەتی لەکوردستان و بۆ گۆرانکاری ریشەیی و شۆڕشگێرانە دەرگای لەبەردەمدا دەکرێتەوە. ئەمەش چینی کرێکار و کۆمۆنیزم لەکوردستان دەخاتە بەردەم بەرپرسیارێتیەکی مێژوییەوە...**

هاتۆتە کایەوە. بەلام ئەوەی کەدۆخی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست بەرەوکوێ مل دەنێ؟ بەبروای من بەرۆڵی یەکلایەنەو راستەوخۆی ئەمریکاوە بەندە. ئەمریکا کە بە هیزیکی سەربازی زەبەلاحەوە لەناوچەکەدا ئامادەیە، مەسەلەی سازدانەوەی سیستەمێکی ئەمنی تازە لەرۆژهەلاتی ناوەڕاستدا، کەئیسرائیل رۆلی سەرەکی تیا بگێڕێ، یەکێک لەسەرەکیترین ئامانجەکانیەتی. واتە ئەو پرۆژەیەی کەناویان ناوە "ڕۆژهەلاتی تازە". لەم پرۆژەیەشدا، ڕیگاچارەی ئەمریکا بەدەرپەڕاندنی فەلەستینەیەکان و دریژەدان بەجەنگ و کاولکاری لەغەززە، بەدەستەوەگرتنی مەسەلەی کوردو ئەحزابی ناسیونالیستی کورد، تا هەولدان بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندیەکانی ولاتانی عەرەبی لەگەڵ ئیسرائیل، ڕیکەوتن لەسەر ڕۆڵی تورکیا لەناوچەکەو پێکهینانی تەوازنێک لەسوریادا لەگەڵ ئیسرائیلدا، دەستکۆتاکردنی ئیران لەچەکی ئەتۆمی، تا ناچارکردنی عیراق بەقبولکردنی بەنفوزی ئەمریکا وئیسرائیل لەناوچەکەو ڕاکێشانی بۆ ژێر سیاسەتەکانی خۆی، گۆرانکاری لەڕژێمەکانی ناوچەکەدا.. هەموو ئەمانە ئاماژەن بۆئەوەی کەڕۆژهەلاتی ناوەراست ڕووی لەسازدانەوەیەکە بەوجۆرەی کەئەمریکا یەک تەرەفەو ڕاستەوخۆ تێدا هەژمونی هەبێت. بەڵام ئەمە تەنها یەک لایەنە کە داهاتوی ڕۆژهەڵاتی ناوەراستی لەدەست گرتوە، ئەویش ئەگەر بتوانێ بەسەر بەربەستەکان و ئەو گرفتانەی کەهیزەکانی تر لەبەردەمیدا پێکی دەهێنی، سەرکەوێت. لایەنێکیتر، چینی کرێکارو جەماوەری زەحمەتکێش و ئەو نارەزایەتییە کۆمەلایەتیەیە کە سالانیکی زۆرە بەدەست سیستەمە فاسیدو سەرکوتگەرو کۆنەپەرستەکانی ناوچەکەو ئەو کوشتارو کاولکاریەی کەئەمریکاو هاوپەیمانانی بەسەر خەڵکدا دایان سەپاندووە، ناوەندی شارەکانی گرتوە و لەهەرفرسەتێکدا بۆ خواستەکانی خۆی پێ دەنیتە مەیدانەوە، نارەزایەتیەکی کۆمەلایەتی کە لەدژی ئەمریکاو سیاسەتە میلیتاریستی و جەنگخوازیەکانیەتی، ئالای ئازادی و یەکسانی ژن وپیاو سکولاریزمەو بەتوندی دژی ئیسلام ونەتەوەچێتیەو خوازیاری باشبژێوی وژیانێکی ئینسانیەو بەشێکە لەنارەزایەتی خەڵکی موتەمەدینی دونیا.. ئەم بزوتنەوەیەو ئەم هێزە کە ئەگەر بەئاسۆیەکی شۆرشگێڕانەوە لەڕیگای ئەحزابی کۆمۆنیستی وشۆڕشگێرەوە ڕێبەری و ڕینمایی بکرێ و هەنگاو بەهەنگاو سەنگەرەکانی نزیکبونەوە وگەیشتن بەدەسەلات بگرێتەبەر دەتوانێ داهاتویەکی تر لەڕۆژهەلاتی ناوەراستدا بەدەستەوە بگرێ.

**بۆپێشەوە: چۆن دەڕوانە گفتوگۆکانی ئەمریکا و ئیران؟ ئایا گوشار و هەرەشەکانی ئەمریکا بۆسەر ئیران، بەمانای لەئارادابوونی جەنگێکی ترە لەڕۆژهەلاتی ناوەراست یان تەنها گوشارە بۆ ڕاگرتنی ئیران لە دەست ڕاگەیشتنی ئیران بە چەکی ئەتۆمی؟**

**خەسرەو سایە:** بەدڵنیایەوە ئەگەری جەنگ لەنیوان ولاتاندا لەفەزای جەنگ و میلیتاریستی دونیای ئەمرۆ وململانێی هیزە جیهانی و ناوچەییەکاندا هەمیشە لەئارادایە، بەلام جەنگی نیوان هەر ولاتێک لەزەرورەت و توانای مادی ویستی چینایەتی هەر دەولەتێکەوە سەرچاوە دەگرێ. لەم روانگەیەوە من پێم وایە نە ئەمریکاو نە ئیران تواناو ویستی ئەوەیان نییە جەنگێکی تر لەرۆژهەڵاتی ناوەراستدا بەرپابکەن. بۆ ئەمریکا هەرەشەو راکیشانی هێز بۆ ناوچەکە تەنها بۆئەوەیە کەفشارەکان لەسەرئیران زیاد بکا و ناچاری بکات بەریکەوتنێک کەبەکەمترین ئیمتیازەوە مەرجەکانی خۆی بەسەرئێراندا داسەپێنێ. خودی ترەمپ چەندین جار رای گەیاندووە کە سیسەتی "زۆرترین فشار" لەبەرامبەر ئێراندا دەگرێتەبەر و ویستی بەرپاکردنی جەنگی نییە. بەتایبەتی کەشەڕ لەگەل ئیران درێژەدەکێشێ وخەرجیەکی زۆری بەدواوە دەبێت. ئێرانیش بەهۆی دۆخی قەیرانگرتوی ئابوری و ناوخۆیەوە نەدەتوانێ و نەدەیەوێت لەگەڵ ئەمریکادا بچیتە جەنگەوە. تائەو جیگەیەی بەدانوسانەکان لەسەر چەکی ئەتۆمی ئێران دەگەریتەوە، مەسەلەکە بۆ ئەمریکا تەنها چەکی ئەتۆمی نییە، بەڵکو لاوەکی

# درێژەی گفتۆگۆ لەگەڵ خەسرەو سایە سەرۆکی مەکتەبی سیاسی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان..

کردنەوەی ڕۆڵی دەولەتانی ئەوروپا ومەیدانداربوونی یەکلایەنەی خۆیەتی لەکێشەکانی ڕۆژهەلاتی ناوراست و ڕاکێشانیانە بۆ ژێر هەژمونی سیاسەتەکانی خۆی. ناردنی نامەکەی ترەمپ بۆ خامەنەیی ڕێک بەدوای داواکاری فەرەنساو بەریتانیاو ئەڵمانیدا هات بۆ کۆبونەوە لەگەڵ نوینەرانی کۆماری ئیسلامی لەسەر مەسەلەی چەکی ئەتۆمی و ئەمجارەش ترامپ هاوشیوەی هەولەکانی بۆ لێکنزیک کردنەوەی روسیاو ئۆکرانیا وڕێکەوتن لەسەر راوەستانی شەڕ ڕۆڵی ئەوروپای خستنە کەنارەوە. دیارە ئەمریکا ئامانجێکی تریشی هەیە لەدانوسانەکانی لەگەڵ ئێراندا، ئەویش لاوازکردنی هەرچی زیاتری ئێرانە بەجۆرێک کە ڕۆڵی ئیسرائیل لەئاست ناوچەکەدا بەرەوپێشەوە بەرێ و بتوانێ وەک هیزیکی مەرکەزی لەساغکردنەوەی سیستەمی ئەمنی ناوچەکە و ڕێکخستنەوەی پەیوەندی نیوان دەولەتانی ناوچەکەدا، جێگا بگرێ ولەگەڵ کەمترین نارەزایەتی و بەربەستی ئیران بەرەو ڕووبێتەوە. تائەوجێگەیەی بەئیرانیش دەگەرێتەوە، جمهوری ئیسلامی ئامانجیەتی مەسەلەی دانوسانەکان بەوە بگات کە دوبارە پەیوەندیەکانی خۆی لەگەڵ ئەمریکاو دەولەتانی ڕۆژئاوا ئاسای بکاتەوەو لەو تەنگانەیەی تێی کەوتوە خۆی دەرباز بکاو لێرەشەوە گەمارۆ ئابورییەکانی لەسەرهەڵگیرێ و دەستی رابگات بەو پارە بلۆککراوانەی دەستیان بەسەردا گیراوە. بەبروای من ئێران بەشێوەیەک لەشێوەکان ئامادەیە دەستبەرداری چەکی ئەتۆمی ببێت و نیگەرانیەکانی ئیسرائیل و ئەمریکاو ڕۆژئاوا برەوێنیتەوە، بەو مەرجەی کۆمەک بکات بەدوورخستنەوەی خەتەری ڕوخان و تەریکبونەوەی زیاتر لەسەری.. ئەمە خوێندنەوەی منە بۆ ئەو دانوسنانانەی کەلە نیوان ئەمریکاو ئێراندا لەسەر چەکی ئەتۆمی لەئارادایە.

**بۆپێشەوە: ئالۆگۆرو روداوەکانی ئەم دوایەی ناوچەکە کاریگەری بەرجەستەی لەسەر عێراق هەیەو دەبێت... پرسیار ئەوەیە کاریگەری دۆخی عێراق چ لیکەوتەیەکی لەسەر دۆخی سیاسی کوردستان و باڵانسی هیزە سیاسیەکانی دەبێت؟**

**خەسرەو سایە:** سەرەتا با کەمێک لەسەر کاریگەری ڕوداوەکانی ناوچەکە لەسەر عیراق ڕاوەستین:

بەدوای ڕوخانی ڕژێمی ئەسەد و ئەو گورزەی بەر ئێران و بەرەی مقاوەمەت کەوت، هاوکێشەی هێزی لەعیراقدا گۆڕیوە، ئەمە بەمانای ئەوەی کە ئەگەر پێشتر دۆخی سیاسی عیراق هاوسەنگی نیوان ڕەوتەکانی سونەو ناسیونالیزمی کوردو شیعەکان و تەوازنی نیوانیان لە حکومەت و سیستەمی سیاسیدا، لەسەر بنەمای هاوسەنگی و ڕیکەوتنی نیوان ئەمریکاو ئێراندا شکڵی گرتبێت، ئێستا ئەم هاوکێشەیە دارماوە و ئەمریکا یەک لایەنە ڕۆڵ دەگێڕێ. ئەمەش بەدەوری خۆی پێگەی ڕەوتە شیعەکانی لەق کردوە وڕووبەروی تەنگانەی کردونەتەوە. بەتایبەتی لایەنگرانی ئێران لەحەشدی شەعبی و هەموو ئەو دەستەو تاقمانەی لایەنگری ئێران بوون کەوتونەتە دۆخی پارێزگارییکردن لەمانەوەی خۆیانەوە. بردنی پرۆژە بڕیاری تەبدیلکردنی گروپە چەکدارەکان بەبەشێک لەسوپای عێراق بۆ نیو پەرلەمان بەلگەیەکی ئەم راستیەیە. ئێستا ئەم هیزانە کەمتر باسی دەرچونی هێزەکانی ئەمریکا لەعیراق دەکەن، تەنانەت زمانی بەستنی پەیوەندگرتن بەئیسرائیلەوە، لاڵ بووە. لەسەرێکی تریشەوە روداوەکانی سوریا وەک ئەوەی مەسەلەی کوردی کردۆتە کارتێکی سیاسی بەدەست ئەمریکاو ئیسرائیل و ولاتانی ئەوروپاوە، بەپێویست پێگەی حکومەتی هەرێمی لەپەیوەندیەکانی نیوان هەولێرو بەغدادا گۆڕیوە، ئیستا حکومەتەکی سودانی کەمتر دەیەوێت کێشە بۆ هەرێم دروست بکات، سەردانەکەی سودانی بۆ هەولێرو کۆبونەوەی لەگەڵ مەسعود بەرزانیدا، خۆی نیشانیەکە لەم دۆخە. هەرچۆنێک بێت لەعیراقدا سازدانەوەی ڕژێم لەژێر سیبەری سیاسەتەکانی ئەمریکادا وەک تەنها لایەنی سەرەکی، هەم ڕیزبەندی حیزبەکان لەعیراق دەگۆڕێ و هەم کاریگەری لەسەر پەیوەندیەکانی نیوان هەرێم و بەغدا بەقازانجی ئەحزابی ناسیونالیزمی کورد بەتایبەتی پارتی دادەنێ و ئەمەش ڕیگا دەکاتەوە کەکێشەکانی وەک ناردنە دەرەوەی نەوت، شایستە دارایەکانی هەرێم کێشەی کەرکوک و هەندیک بابەتی تر لەچارەسەر نزیک ببیتەوە. لەسەرێکی تریشەوە دەستکۆتاکردنی حەشدی شەعبی وەک ئامرازێکی دەستی شیعەکان تەوازنی هێز بەقازانجی هەرێم دەگۆڕێ... بەبروای من خودی هەڵبژاردنی ئەمجارەی پەرلەمانی عیراق ڕاستەوخۆ مۆرکی ئەم گۆرانکاریانەی پێوەدەبێ. بەدڵنیایەوە هەموو ئەمانە ڕیزبەندی حیزبەکان لەناوخۆی کوردستانیشدا دەگۆڕێ، بەپلەی یەکەم پێگەی پارتی روو لەسەر دەکاو یەکیەتی لاوازتر دەبێ ولەم پەیوەندەشدا حیزبەکانی تر توانای دیاریکردنی پێگەی خۆیان دەبێت. تەنانەت پارتی لەپێکهێنانی کابینەی تازەدا نەک هەر ئەو دەورانە تێدەپەڕێنێ کەوەک "کاربەڕیکەرێک" کەوتبوە شوین ئەوەوە کە"قەوارەی هەرێم مەترسی لەسەرە" بگرە زۆرترین جومگەکانی دەسەلات بەدەستەوە دەگرێ. تا ئەوجێگەیەی بەلایەنە ئۆپۆزسیۆنەکان دەگەرێتەوە، ئەمانە کەچاویان لەحکومەتی مەرکەزی بڕیبوو کەگوایە لەڕێگای هانابردن بۆ بەغداو هاندانی خەڵکی ناڕازی بەرەو بەغدا دەتوانن ئیمتیازات لەپارتی ویەکێیەتی وەربگرن، ئیستا بەهۆی ئەوە گۆرانکاریانەی روی لەعیراق کردوە، تەقریبەن پشتیان خاڵی بووە بۆیە ناچاردەبن لەپارتی و یەکیەتی نزیک ببنەوە ودابران لەنێویاندا سەرهەڵبدات.

بەلام ڕیزبەندی ئەحزاب لەکوردستان هەرجۆرێک بێت، مادام زۆرینەی خەڵکی کوردستان لەم دەسەلات و حیزبانە نارازی و تورەیە، مادام خەلکی لەوە گەیشتون کەلەسایەی ئەحزابی ناسیونالسیتی کوردا، جگە لە دەردو مەینەتی شتێکی تریان بەنسیب نابێت، ڕەوتی خەباتی چینایەتی لەکوردستان و بۆ گۆرانکاری ریشەیی و شۆڕشگێرانە دەرگای لەبەردەمدا دەکرێتەوە. ئەمەش چینی کرێکار و کۆمۆنیزم لەکوردستان دەخاتە بەردەم بەرپرسیارێتیەکی مێژوییەوە...

## درێژەی دوا وتە

بەڵکو مەترسی زیاتر بوو بۆیە لەبەین بردنی ئەم ئەزموونە لە سوریا بووە یەکێک لە ئەولەویاتەکانی دەوڵەتی تورکیا... ئەوە پرسی کوردی لەسوریا بەرجەستەتر کرد. روخانی دەسەڵاتی بەشار ئەسەد و لاواز بوونی "بەرەی بەرگری" و پیگەی ئیران لە ئاستی ناوچەکەو سوریا بەتایبەتیدا، ئەو بوارەی کردەوە کە دەوڵەتی تورکیا لەرێگای دەسەڵاتی تازە بەدەسەڵات گەیشتووی ئەحمەد شەرع و سوننەی سیاسی، دەستیوەردانەکانی زیاتر بکات و گوشار بخاتە سەر حکومەتی نوێی سوریا، تا کۆتایی بە دەسەڵاتی هەسەدە و لەوەش زیاتر بەبەرجەستەبوونەوەی پرسی کورد بگرێت، بەڵام ئەمە بەجێگایەک نەگەیشت و لاوازی دەسەڵاتی تازە بەدەسەڵات گەیشتوو، بواری کردەوە کە پرسی کورد، بەشێوەیەکی بەرجەستە ببێتە پرسێکی ناو سوریا...

لەناو دڵی دۆخێکی ئاوادا، دەوڵەتی تورکیا بەجیا لەوەی لەگەڵ کیشەی کورد بەرەو رووە هاوکات رووبەرووە لەگەڵ رۆڵ و پیگە و جێگەو ڕیگەی هیزەکان و جەمسەربەندی تازە و ئالوگۆرە تازەکانی دنیاو رۆژهەڵاتی ناوەراست. چ ئەمریکا و غەرب و چ وڵاتانی وەکو عەرەبستانی سعودی و میسر و ئیسرائیل نایانەوێت و ریگەنادەن دەوڵەتی تورکیا جیگای ئیران لەناوچەکە بگرێتەوە... بەتایبەتی ئیسرائیل کە رۆڵی بەرجەستەی لە ئالوگۆرەکانی ناوچەکەو لاوازکردنی ئیراندا هەبووە، ڕیگە نادات تورکیا بەری رەنجەکەی ببات و جیگەی ئیران لە ناوچەکە بگرێتەوە... بۆیە دەوڵەتی ئیسرائیل تا دەگاتە وڵاتانی ئەوروپا و جەمسەرە جیهانییەکان، باسی پاراستنی "کوردەکان" دەسەڵاتداریتی هەسەدە و لە راستیدا بەدەستەوە گرتنی لە ململانێی نیوان خۆیاندا بەدژی ئیران و زیاتر بەدژی تورکیا، کەڵک لێوەربگرن.

دەوڵەتی تورکیا، بۆ دەرهێنانی ئەو پرسە لەدەستی جەمسەرە جیهانیەکان و ئەوروپا و بەتایبەتی بۆ بەرگری لە زۆربوونی هەژموونی ئیسرائیل لە ناوچەکەدا، بە هینانە گۆری پرسی کورد و داننان بەو پرسەدا لە تورکیا و چووە ناوگفتوگۆ لەگەڵ ئۆجەلان لەڕێگای دەم پارتییەوە. تورکیا دەیەوێت لەو ڕێگایەوە کەیسی کورد لەدەستی خۆیدا بێت و لە ڕیگای داننان بەبوونی کوردەوە لە تورکیا دەست بۆ مانۆری سیاسی و گفتوگۆکردن ببات... گفتوگۆکانی دەوڵەتی تورکیا لە رێگای دەم پارتییەوە لەگەڵ عەبدوڵا ئۆجەلان، پرسی کوردی لە سوریایەوە گواستەوە بۆ ناو کەشی سیاسی و کۆمەڵایەتی تورکیا. هاوکات بوونی کیشەی کورد و هەژموونی ناسیونالیستی بەسەر ئەو پرسەدا لە عێراق و پەل پۆی پەکەکەو هیڵ و دنیا بینی ئۆجەلان لە بەشەکانی تری کوردستاندا، بەرجەستەیەکی تری بەخشی بە مەسەلەی کورد... لەناو دڵی ئەم دۆخەدا دەوڵەتی تورکیا، بۆ ئەوەی بەر بە هەژموون و هەوڵی ئیسرائیل لەلایەک و وڵاتانی تر بگرێت، ئەویش لە ئیستادا پرسی کوردی بەدەستەوە گرتووە. هەموو ئەوانە پرس و کیشەی کوردیان لە ئاستی دنیاو ناوچەکەدا زیندوتر لەپێشوو، بەرجەستە لەجاران و فراوانتر لە ئاستی دنیادا، کردووە.

لەگەڵ ئەوەدا بەرجەستەبوونەوەی پرسی کورد، لەوانەیە تا رادەیەک شانس بدات بە خەڵکی کورد زمان چ لە تورکیا و چ لەسوریای تازەدا لە جێگاو ڕیگایەکی باشتر بەهرەمەند بێت... بەڵام ئەوە هەرگیز بەمانای چارەسەری ریشەیی کیشەی نەتەوایەتی خەڵکی کوردستان نییە... بەڵام ئەو دۆخە تازەیە دەروازە دەکاتەوە بۆ ئەوەی بزوتنەوە چەپ و رادیکاڵ و شۆرشگێرەکان، بێنە مەیدان و ئەو کەیسە بەدەستەوە بگرن. ڕیگە لەوە بگرن باڵەکانی بۆرژوازی لە سات و سەودای خۆیاندا ستەم و بێمافی سیاسی خەڵکی کوردستان لە پێناو بەرژەوەندیەکانی خۆیان و بەشداری لەدەسەڵاتی ناوەندیدا بەکار بهێنن و ئەزموونی پوچی کوردستانی عێراق، دوبارە بکەنەوە. ناکرێت چاوەروانی لە دەسەڵاتی تازەی سوریاو دەوڵەتی تورکیا بکرێت، بە پێداگریان لەسەر ناسنامەی قەومی، یان دینی پرسی کورد وەڵام بدەنەوە. هەروەها چارەسەری پرسی کورد لە هیچ کام لەو وڵاتانەی کیشەی کوردی تیایە، ئۆتۆنۆمی یان فیدرالیزمی قەومی نییە، بەڵکو گەڕانەوەیە بۆ ڕای خەڵکی کوردستان بە جیابوونەوە و پیکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ یان مانەوە لە چوارچیوەی ئەو دەوڵەتانە بە زامن بوونی یەکسانی تەواو لە ماف و ئازادییەکاندا وەکو هاوڵاتی ئازاد و خاوەن مافی یەکسان.

عەبدوڵا مەحمود

ساڵی نۆهەم ژمارە (190) بەرواری 1-5-2025



بۆپێشەوە
FORWARD
بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە
Forward

بۆپێشەوە

سەرنووسەر: عەبدوڵا مەحمود

ڕاوێژکاری سەرنووسەر: ڕێبوار ئەحمەد

بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:

bopeshawa@gmail.com

بۆ پەیوەندی بەسەر نووسەرەوە:بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:

abdulla.mahmud@gmail.com

بۆ خویندنەوەی بابەت و وتارەکانی بۆپێشەوە سەردانی سایتی بۆپێشەوە بکەن:

www.bopeshawa.net

هاوکاری سەرنووسەر: ئاراس ڕەشید

نووسەرانی ئەم ژمارەیە:

کاکەلاو تەحسین،خەسرەو سایە، توانا حەمە نوری، سەردار عەبدوڵا حەمە، رێبوار یاسین، وریای رەسام، سەلام سەعید، کاوان قادر، ئاراس رەشید، عەبدوڵا مەحمود، دیار بەرزنجی، بەندی عەلی، نەجم محەمەد، گۆرانی...

دۆسیەی ژمارە " ئاڵوگۆڕەکانی نوێ دنیاو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لێکەوتەکانی لەسەر عێراق و کوردستان"

## دوا وتە

# هۆکارەکانی دوبارە بەرجەستە بوونەوەی پرسی کورد

بەدوای لێدوانی باخچەلی و سەرانی تورکیا و روخاندنی دەسەڵاتی بەشار ئەسەد لە سوریا، جارێکی تر پرسی کورد چ لە ئاستی کۆمەڵگەو ناوچەکەو چ لەسەر ئاستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەشێوەیەکی بەرجەستەو فراوان هاتۆتەوە ئارا.

دوای چەندین دەهە لە حاشاکردن لە ناسنامەی کورد بوون و بوونی کورد لە تورکیادا سەرئەنجام دان نان بە بوونی کورد لەزمانی سەرانی نەتەوەپەرستی تورک لەوانە باخچەلی و پاشان گەورە بەرپرسانی تورکیا... بەکردەوە پرسی کوردی گواستەوە بۆ قۆناغێکی تر... قوناغێک کە تییادا ناسنامەی قەومی کورد ناتوانرێت حاشای لێبکرێت و لەرێگای زۆرەوە پێناسەی تورک بوون بدرێت لە ناوچەوانی هەموو هاوڵاتیانی تورکیا و "کورد" ناچار بێت، ببێتە "تورک".


ئەم گۆرانە لە لێدوانی بەرپرسانی تورکیادا، دوای چەندین دەهە لە چەوساندنەوەی نەتەوەیی و گوشاری سیستماتیک، لەدژی خەڵکی کوردستان، کیشەی کوردی نەک تەنها لەئاستی کوردستاندا، بەڵکو لە ئاستی هەموو تورکیاو ناوچەکەدا، هێنایەوە ئارا... دواتریش روخاندنی دەسەڵاتی بنەماڵەی ئەسەد لە سوریا و لە کاتێکدا لە ساڵی ٢٠١١ وە، بەهۆی لاوازی دەسەڵاتی ناوەندییەوە، دەسەڵاتێکی خۆجێی لە رۆژئاوا بووە واقعیەتیک و هاوکات لاچوونی ئەو سەرقاپەی چەندین دەهەیە ستەم و بیمافی سیاسی خەڵکی کورد زمانی سوریا، خەفەکردبوو، بووە هۆی ئەوەی کیشەی کورد سەر بەرزبکاتەوە و ببیتە پرسێکی گرنگی دوای روخانی دەسەڵاتی بەشار ئەسەد.

ئەم دوو فاکتە، فاکتی کۆتاییهاتن بە حاشاکردن لە ناسنامەی کورد بوون لە تورکیا و روخانی دەسەڵاتی بەشار ئەسەد و خسنە رووی ستەم وبیمافی سیاسی و فەرهەنگی و کەلتوری خەڵکی کورد زمان لە سوریا، لە پاڵ دەسەڵاتێکی خۆجییی پێشتر لە رۆژئاواو جەنگی دژی داعش و لە کۆبانێ... پرسی کوردی بە شیوەیەکی گشتی لەهەردوو وڵاتی سوریا و تورکیا، کردە یەک کەیسی لێک دانەبڕاو. لە ڕیکەوتنامەی نێوان جۆلانی و مەزڵوم عەبدیشدا، بۆ یەکەمین جار دان نرا، بە بوونی کورد لە سوریا و ناسنامەکەی لایەنی فەرمی وەرگرت.

دەوڵەتی تورکیا... لە ساڵی ٢٠١١ بەدواوە لەهەوڵی ئەوەدایە دەسەڵاتی هەسەدە لە سوریا کۆتایی پێ بهێنێت، کەچی بەکردەوە لەم هەوڵەییدا ناکام مایەوە و ئەو دەسەڵاتە بووە واقعیەتیکی سیاسی تا رادەیەک دانپیانراو و پشتیوانی لێکراو. ترسی دەوڵەتی تورکیا لەو دەسەڵاتە نەک هیچی کەمتر لە هەرەشەکانی پەکەکە و وەکو خۆیان دەڵێن "تیرۆر" کەمتر نەبوو،

بۆ لاپەڕە 12

# (درۆ دەکەن)



چ بێ پەردە درۆ دەکەن
لە خاکی گەرمە بازاڕا
باسی ئازادیم بۆ دەکەن!
دوا تنۆکی ئاویان دزی
دوا گوڵەوەچنەی گەنم و
دوا بریسکەی چاویان دزی
دوا هەناسەی بایان دزی
نزای دەستی هەڵبڕاوی

خێڵی بێ پەنایان دزی
سیحری مانگە شەویان دزی
بۆن و بەرامەی خەیاڵ و
تام و چێژی خەویان دزی
دوا بزەی سەر لێویان دزی
دوا چپەی بن گوێی ئومێدو
دۆندی شکۆی کێویان دزی
چ بێ پەردە درۆ دەکەن
لە خاکی گەرمە بازاڕا
باسی ئازادیم بۆ دەکەن!

**بەندی علی**

## دوو بەرهەمی نوێی هونەرمەند وریای رەسام

گەندەڵکاران هەر قابیل بە شەقن

